گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرنگی سیستەمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان بۆ سیستەمە فەرمانڕەواییەکە

**پ.ی.د. محمد صابر کریم**

بەشی زانستەڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستەڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

muhamed.karem@univsul.edu.iq

**هێمن عارف فتاح**

بەشی زانستەڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستەڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

hemnfattah059@gmail.com

## پوختە

سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و بایەخداری هەیە، لەپرۆسەی ڕامیاری وفەرمانڕەوایەتی ئەم هەرێمەدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کار و فەرمانەکانی ئەم سیستەمە یەکەمین کارو فەرمانێکی ئەو دەسەڵاتە نوێیەیە کە دوای بڕیاری ڕژێمی بەعس بەکشانەوەی هێزەکانی و بەجێهێشتنی پرۆسەی کارگێڕی لەوبەشە ڕزگارکراوەی باشووری کوردستاندا، کە دواتر لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خشتبەندبووە و هاتۆتەناسین، بەمشێوەیە پڕکردنەوەی بۆشایی کارگێڕی لەوبەشە ڕزگارکراوەدا لەدوای ڕاپەڕینی (ئازاری 1991)، بووە هەوێنی دروستبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دامەزراوەکانی. لێرەوە دەتوانرێت بوترێت کە، ئەم سیستەمە کارگێڕییە جومگەی سەرەکی وچەقی ئەو سیستەمە فەرمانڕەواییەیە کە لەهەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە وسروشتی ئەوبارودۆخەی کەتیایدا هاتۆتە پێکهاتن ودروستبوونەوە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٨/٣

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٩/١٢

بڵاوکردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

*Regime, Kurdistan Region, Management System, Centralization, Decentralization*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.09

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

هەر لەگەڵ سەرهەڵدان و پێکهاتنی دامەزراوەی ڕامیاری لەقەوارە و چوارچێوەو فۆرمە کلاسیکی و نوێیەکانیدا سیستەمی فەرمانڕەوایی یەك لەدەسەڵاتە سەرەکی و دینامیکیەکانی ئەو قەوارانە بووە و، لەئێستاشدا پرۆسەی ڕامیاری دەوڵەتی نوێدا، تاهاتووە چەقبەندی سیستەمی ڕامیاری تیایدا لەسەر سیستەمی فەرمانڕەواییەکەیەتی، لێرەوەیە کە زۆری توێژینەوە و تیۆرییەکانی دامەزراوەی دەوڵەت و سیستەمە ڕامیاریەکانی بایەخی گرنگ و سەرەکیان لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمە لقیەکانیەتی، لەسەرئەوە و لەبەرئەوەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆمەڵێك سیستەمی پێکەوەگرێدراراو لەخۆدەگرێت و پێکهاتووە و هەمویان پێکەوە ئامانجی ئەم سیستەمە فەرمانڕەواییە پێکدەهێنن، لەوانە( یاسایی، دادوەری، کارگێڕی)و، هەروەها هەریەکێك لەم سیستەمانە بەرپرسن لەئەنجامدانی چەند کاروچالاکیەك، کە دواجار خزمەت بەسیستەمی فەرمانڕەوایی وگەیشتن بەئامانجەکانی دەکەن، هەر لەم پێناوەشدا پەیوەندییەکی توندو بەهێز ئەم سیستەمانە پێکەوە دەبەستێت و هاو ئاڕاستە دەڕۆن وهەماهەنگ وهاوکاری یەکتردەبن. بۆیە کە لەتوێژینەوە و خوێندکاریکردنی هەر قەوارەو کیانێکی ڕامیاری سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆدا، بابەتی سیستەمی فەرمانڕەوایی و ئەوسیستەمە لقیانەی کەلێیانپێکدێت دەبێتە پێویستیەکی جەوهەری و لەدواخستننەهاتوو.

بەمشێوەیەو لەوێوە کە سیستەمی کارگێڕی یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەر دەوڵەتێك پێکدەهێنێت و، هەروەها جومگەی سەرەکی بەڕیوەبردنی کارەکانی ئەم سیستەمە فەرمانڕەواییە پێکدەهێنێت و بەرجەستەدەکات، بەڕادەیەك کاروچالاکیەکانی ئەم سیستەمە کارگێڕییە تاچەند سەرکەوتوویێت، ئەوا ڕاستەوانە کار لە بەرەوپێشچوون ونەوەستانی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەکات و هاوکات دەبێتە هۆکاری پەرەسەندن و گەشەسەندنیشی، هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە سیستەمی کارگێڕی ڕایەڵ وهۆکاری سەرەکی پێکەوەبەستنی هەموو بەشەکانی سیستەمی فەرمانڕەواییە، لێرەشەوە ئەم سیستەمە بەشێکی سەرەکی هەر سیستەمێك لە سیستەمە لقیەکانی ناو ئەو سیستەمەفەرمانڕەواییە پێکدەهێنێت.

## گرفتی توێژینەوە:

تێگەیشتن ولێوردبوونەوە لە سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستان وەك بەشێکی سەرەکی لەسیستەمە فەرمانڕەواییەکەی کە پایە و کۆڵەکەی سەرەکی کۆی پرۆسەی ڕامیاری تیایدا پێکدەهێنێت، هۆکاری دروستبوونی چەند پرسیارێکی سەرەکین کە گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، وەك بۆچی سیستەمی کارگێڕی لە پرۆسەی ڕامیاری هەرێمی کوردستاندا وەك بەشێکی سەرەکی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی هاتۆتە دارشتەبوون؟هەروەها تاچەند سیستەمی کارگێڕی لەپرۆسەی ڕامیاری هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی ڕۆڵی لەبەرچاو و یەکەمیانەی خۆی ببینێت لە تۆکمەکردن و بەهێزکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دامەزراوە بنچینەیی و سەرەکیەکانی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستاندا؟.

## گریمانەی توێژینەوە:

وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەخۆدەگرێت، گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستەیە کە سێکتەری کارگێڕی هەر لەسەرەتای درووستبوونی پرۆسەی ڕامیاری لەهەرێمی کوردستان و ئەو دامەزراوە سەرەکیانەی کە سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی پێکهێناوە بووەتە سێکتەرێکی بنچینەیی و یەکەمینی سەرهەڵدانی ئەو پرۆسە ڕامیارییە و سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی و ئەم سیستەمە کارگێڕییە کە هەیە سەرەڕای ئەوەی کەلەلایەن هەرێمی کوردستانەوە نزیکەی سێ دەیەیە بەرێوەدەبرێت بەڵام لە ڕووی جۆری سیستەمەوە درێژکراوەی سیستەمە کارگێڕییەکەی حکومەتی عێراقی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ڕژێمی بەعسە، کە سیستەمی ناوەندی کارگێڕییە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەند میتۆدێکی زانستی نوسینی توێژینەوەی زانستی وەرگیراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، وەك میتۆدی مێژوویی بۆ سودوەرگرتن لەداتا و زانیارییە مێژوویەکان، هەروەها میتۆدی وەسفی بۆ تیشکخستنەسەر واقیعی پرۆسەی کارگێڕیی

لەهەرێمی کوردستان و، پاشانیش میتۆدی شیکاری سیستەمی بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی یەکە سەرەکیەکانی پرۆسەی ڕامیاری و سیستەمە فەرمانڕەواییەکەی لەهەرێمی کوردستاندا.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشبووە، لە یەکەمیاندا قسە لەسەر لایەنی تیۆری سیستەمی کارگێڕی و سیستەمی فەرمانڕەوایی دەکرێت، هەروەها لەبەشی دواتریشدا باس لە چۆنێتی دارشتەبوونی سیستەمی کارگێڕی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم سیستەمە و کاریگەری لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆرییانە**

سیستەمی کارگێڕی یەکێك لەو پرسە گرنگ و پڕبایەخانەیە کە جێگای خۆیەتی توێژینەوەی لەسەر بکرێت و، لێکۆڵەرەوان و توێژەران کاتێکی زیاترو توانایەکی زیاتری بۆ دابینبکەن بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستاماندا، بەوپێیەی کە سیستەمی کارگێڕی بەشێکی سەرەکی و پێکهێنەرێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەواییە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە بایەخی زیاتری پێبدرێت و لەڕۆڵ و بەشدارییە کاریگەریەکانی لەنێو پرۆسەی ڕامیاریدا توێژینەوە و خوێندکاریی زیاتر ئەنجامبدرێت، لەسەرئەوەو لەبەرئەوەی سیستەمی کارگێڕی بەشێکی دانەبڕاو و هەستیاری ژیانی ڕامیاریە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دەستلێبەرنەدراو هەیە لەگەڵ هەموو دامەزراوەکانی کۆی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەر دەوڵەتێکدا، هەربۆیە توێژینەوە لەو ڕۆڵ و بەشداریکردنە گرنگ و بایەخدارەی ئەوە دەخوازێت کە توێژینەوە لەلایەنی چەمکیانەی ئەم سیستەمە بکرێت، بەمشێوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت کەبریتین لە:

تەوەری یەکەم: چەمکی سیستەمی کارگێڕی

تەوەری دووەم: چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی

تەوەری یەکەم: چەمکی سیستەمی کارگێڕی

دامەزراوەی کارگێڕی لەو دامەزراوانەیە کە گرنگی وبایەخی خۆی هەیە لە ژیانی ڕامیاری بەگشتی و سیستەمی فەرمانڕەواییدا بەتایبەتی، لەوێوە کەبەشێکی جەوهەری وسەرەکی پرۆسەی بەڕێوەبردنی

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوە ودەزگا سەرەکی وبنچینەییەکانی دەوڵەت و سیستەمی حوکم تیایدا لەڕێگەی ئەم دامەزراوانەوە بەڕێوەدەبرێن وئەرك وفەرمانە بنچینەییەکانیان بەجێدەهێنن، لێرەوەیە کە ئەم چەمکە، بەتایبەت لەژیانی ڕامیاری نوێ وهاوچەرخدا، تاهاتووە گرنگی وبایەخی زیاتری پەیداکردوە و، پانتاییەکی فراوانی لەتوێژینەوەکانی زانستەکانی ڕامیاری وئابووری وکارگێڕیی وکۆمەڵناسی ویاسای کارگێڕیدا داگیر کردوە وخستۆتەژێر هەژموونی خۆیەوە، لەسەرئەوە بە پێویست زانرا کە ئەم تەوەرەیە تایبەتبکرێت بۆ لایەنی تیۆری ئەم چەمکە.

سەرەتا بەتوێژینەوە لە چەمکی سیستەم دەستپێدەکەین و، سەبارەت بە لایەنی زمانەوانی ئەم چەمکە ئاماژەبەوە دەدەین کە لە فەرهەنگی زماندا هاتووە سیستەم بەواتای ڕێکیخست دێت، کەبنەڕەتەکەی ڕێکییە، (النظام) واتە سیستەم، سیستەمیش ڕێکاری و هاوڕێکی دەگەیەنێت، یان سیستەم ئەو تێکەڵەیەیە کە گەوهەری پێ ڕێکدەخرێت، هەروەها سیستەم بریتیە لە ڕێباز یان ڕێگایەك لەمیشەوە دەوترێت کە هێشتا لەسەر یەك سیستەم دەڕوات، ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە چەمکی سیستەم، واتا گەلێکی زۆری لە خۆگرتووە لەوانەش ڕێکخستن، ڕیزکردن، پێکەوەبەستن، هەماهەنگیکردن، یان بەواتای گونجاوی و پێکەوەکارکردن دێت، بەپێی پێوەری دیاریکراو، لەپێناوی سەرکەوتن وبە ئاکامگەیاندنی کارێك دێت[1]. لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە سیستەم لە" زاراوە بەکارهێنراوە بەربڵاوەکانە لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانداو، لە بنەڕتدا لەوشەی (Systema)ی یۆنانیەوە هەڵقوڵاوە"[2].

هەروەها زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری زمان، وای لێکدەدەنەوە کە زاراوەی سیستەم (system) بەواتای پەیڕەو، یان کۆمەڵێك بیرو باوەڕ ونەخشە ورێباز ویەکە دێت کەلە چوارچێوەی پەیکەرێکی یەکگرتودا ڕێکخراون وپێکەوە گرێدراون، لە ناساندنێکی وردتردا سیستەم بریتیە لەکۆمەڵێك بیروباوەڕی پێکەوەگرێدراو، یان لێدوانگەی بەسودی هەندێك لق و پۆلی باوەڕ ومەعریفەیە کە پێکەوەبەستراون وبەڕێکوپێکی لە شێوەی گشتیدا نەخشەی بابەتەکان ئامادە دەکات، سیستەم

---

1 )د.صباح مصطفى المصري،2007، النظام الحزبي في ضوء أحكام الشريعة الاسلامية ، المكتب الجامعي الحديث/ الأسكندرية/مصر ط1،ص5-6

2 )دڵشاد مستەفا سلێمان،2019، پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر، چ1، ل32-33

پەیکەری گشتی ڕێساو ئاینزاکان، دەرەنجام و بڕیارەکان، ڕامان و لێوردبونەوەکانە، لەگەڵ گریمانە و بیروبۆچوونە نیشاندراوەکان[3].

بەمشێوەیە دەکرێت بوترێت کە بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی سیستەم ئاماژەیە بۆ "هەرگشتێك، کەلە کۆمەڵێك بەشی بچوکتر پێکهاتووە و، ئەو بەشانەش بەجۆرێك پێکەوەبەستراون ولە حاڵەتی پەیوەندی کاریگەردان هەم لەسەر گشتەکە وهەم لەسەریەکتریش، بەشێوەیەك کە ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر بەشێك یان پەیوەندیەکیاندا بێت، ئەوا سەرجەم بەش وپەیوەندیەکانی تر گۆڕانیان بەسەرردادێت وبەمەش گشتەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت"[4].

سەبارەت بە لایەنی مێژوویی دەرکەوتنی چەمکی سیستەم(system)، ئەوا لەمبارەوە بیرورِا ودیدو بۆچوونی جیاجیا لەلایەن هزرمەندان و تیۆریزانانی ئەم چەمکەوە بوونی هەیە، لەوانەش ئەودیدەیە کە لەڕوی کات وشوێن و واتاوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەیگێڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان وبەتایبەتیش بۆ هەر یەك لە(پلاتۆ و ئەرستۆ) کە پێیان وابوە، کە کۆمەڵگا پێکهاتوە لە سیستەمێك کە لە کۆمەڵێك توخم و ڕەگەزی چوست و چالاك پێکهاتووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی بوژانەوە(ڕێنسانس)،ئەوا چەمکی سیستەم بایەخی زیاتر و قوڵتر وفراوانتری پێدراوە وبەتایبەتیش لەلایەن فەیلەسوفان وهزرمەندانی ڕۆشنگەرییەوە، لەوانەش،(تۆماس هۆبز) دەڵێت"بەهۆی سیستەمەوە لەو کۆمەڵە پیاوە دەگەم کە لەدەوری بەرژەوەندیەك کۆبونەتەوەو لەناوچوارچێوەی کارێکدا خۆیان ڕێکخستووە و، ئەستێرەو هەسارەکانیش بەشێکن لە سیستەمێکی گەورەتر لە خۆیان و، خێزانیش ڕێکخستنێکە بۆ کەس وئەندامەکانی خۆی"[5].

هەر لەمپێوەندەدا وسەبارەت بە گرنگترین ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی سیستەم کراون، پێویستە بوترێت کە "سیستەم بە یەکەی شیکردنەوە دادەنرێت، مەبەستیش لێی بریتیە لە کۆمەڵەی ئەو توخم یان بەشانەی لە ڕووی فەرمانیەوە لە نێوان خۆیاندا وبە شێوەیەکی ڕێکوپێك پەیوەستن بەیەکتریەوە،

---

[3] ) عومەر نورەدینی، 2003، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم،چ1، هەولێر، ل23
[4] ) د.عابد خالید رەسول،2012، دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ل190
[5] ) عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل 25

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەویش بەو کارلێك و پشتبەیەکتری بەستنە ئاڵوگۆڕەی ـ interdependence interchange. کە لە نێوانیاندا هەیە، بەجۆرێك گۆڕانکاری لە توخمێك یان بەشێکدا، کاردەکاتە سەر ئەوانیتریش"[6].

لەم چوارچێوەیەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەو پێناسەیەی (دیڤید ئیستن) بدرێت کەبۆ چەمکی سیستەمی کردوە ودەڵێت"سیستەم بریتیە لە کۆمەڵێك پێکهێنەری پێکەوەبەستراو، کەهەریەکە لەم پێکهێنەرانە پەیوەندیەکی توند و بەهێزیان پێکەوە هەیە و گۆڕانکاری لەهەر پێکهێنەرێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەبەشەکانی تری سیستەمەکەدا "[7]. بەڵام(جان ماری دانتان) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە بەوەی کە "چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا و دوو دیاردەی سەرەکی تێدایە، یەکەمیان بریتیە لە دیاردەی کارلێك کردن و دووەمیشیان دیاردەی پێکەوەییە، واتە هەموو بەشەکانی سیستەم کاریگەری وکارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن وهەموو بەشە پێکهێنەرەکانی تەواوکەری یەکترن"[8]. هەروەها(ڕۆبەرت أ.داڵ) پێناسەی سیستەمی کردووە بەوەی کە بریتیەلە"کۆمەڵێک توخم کە پێکەوە ئاوێتەدەبن و کارلێك لەگەڵ یەکتر دەکەن و وێنەیەك پێکدەهێنن، وەکو سیستەمی( گەلەئەستێرە، تیپێکی تۆپی پێ، یان دەسەڵاتی یاسادانان، پارتی ڕامیاری)"[9].

هەر لەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیەش بدرێت کە لایەنگرانی تیۆری سیستەم لە پاڵ چەمکی سیستەمدا چەند چەمکێکی تر بەکاردەهێنن کە تایبەتن بە بوارو لایەنی وەسفی ئەم چەمکە، سەبارەت بەوەش دەکرێت ئاماژە بەم پۆلێنکردنە بدرێت:

أ- چەمکەکانی سیستەمی داخراو و سیستەمی کراوە، سیستەمی ئۆرگانی و سیستەمی نائۆرگانی.

ب- ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بەئاستە پلەپەیژەییەکانی سیستەمەکانەوە هەیە،وەکو لقە سیستەم ـ subsystem.

ت- ئەو چەمکانەی باس لە لایەنەکانی ڕێکخستنی ناوخۆیی سیستەمەکان دەکەن، وەکو چەمکەکانی تەواو کاری و پشتبەستنی ئاڵوگۆڕ.

[6] ) د.کەمال مەنوفی،2007، تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، لا103
[7] ) د.كمال المنوفي،1987، أصول النظم السياسية المقارنة, كويت, شركة زينغان للنشر والتوزيع، كويت، ص93
[8] ) جان ماري دانتان،1997، علم السياسة، ت/ د. محمد عرب صاصيلا، الؤسسة الجامعية للدراسات والنشر/ بيروت، ص140
[9] ) د.صباح مصطفى المصري, سەرچاوەی پێشوو، لا6

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ث- ئەوچەمکانەی بە پەیوەندی سیستەم لەگەڵ ژینگەکەی پەیوەستن، وەکو سنوور، تێهاویشتەکان(Input) و دەرهاویشتەکان(Output)[10].

لەپەیوەند بەچەمکی کارگێڕی لەزمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بە هەریەك لە وشەکانی (Administration- Management) دێت، یەکەمیان لە وشەی لاتینی(Minister tad) وەرگیراوە، کەپێکدێت لە دووبڕگە و واتاکەشی بریتیەلە(هاوکاریکردنی خەڵك)،هەرچی وشەی دووەمیشـــە(Management)،ئەوە لە فەرمانی (Manage)ەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بەواتای(دەتوانێت، سەردەکەوێت، مامەڵەدەکات، دەیسازێنێت)دێت، کەواتە هەموو دەچنەوە سەر ئەوەی مەبەست لە چەمکی کارگێڕی، بریتیە لە بەڕیوەبردن [11].

لەڕاستیدا چەمکی سیستەمی کارگێڕی پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەلایەن تیۆریزانان و توێژەرانەوە، سەرەتاش بەو پێناسەیە دەستپێدەکەین کە دەڵێت"سیستەمی کارگێڕی، بریتیەلە قەوارەیەکی ڕێك ولەسەرپێی خۆوەستاو، لێکدراوە لە نێوان شتەکان وپارچەکان وکۆمەڵێك سیستەمی بەڕێوەبردن وکارگێڕی کەهەموو پێکەوە پەیوەستن، هەروەها لە کۆمەڵێك ڕەگەزی پێکهێنەر کە بەشێوەیەکی گشتی کارلێك لەگەڵ یەکتری دەکەن"[12].

پێناسەیەکی تری ئەم چەمکە لەسەرئەوە دەوەستێت، کە" سیستەمی کارگێڕی، بریتیە لە چەند بەشێك کە پەیوەندییەکی توندو کارلێکی هاوبەرامبەریان هەیە، کەلە ئەنجامی ئەم کارلێکەدا پێکهاتەیەکی هەمەکی یەکگرتوو دروستبووە، کە بریتیە لە سیستەمی کارگێڕی وسورە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو"[13].

---

*) دیڤید ئیستن, 1917-2014، لەدایك بووی شاری تۆرینتۆی کەنەدییە، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی ڕامیاری لەزانکۆی هارفاردی ئەمریکی، مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ بووە و، چەندین پۆستی کارگێڕی هەبووە لەوانە، سەرۆکی کۆمەڵەی زانستەڕامیارییەکانی ئەمریکابووە بۆ ساڵەکانی 1968-1969، وە خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی زانستی ڕامیاری، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە/ د.شیرزاد أحمد أمین النجار، منظومة المفاهيم عند ديفيد ايستن، مجلة0(قضايا سياسية), كلية العلوم السياسيةجامعة النهرين, بغداد, العدد/41, 2015, ص171

10 )د.کەمال مەنوفی، تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا 102

11 ) دیلمان محەمەد سابیر، 2011، بنەماکانی ئیدارە( پلاندانان، ڕێکخستن، ئاڕاستەکردن، چاودێری)، چاپخانەی لەریا/ سلێمانی، لا19

12 ) د.كامل بربر,1997، ادارة الموارد البشرية وكفاءة الأداء التنظيمي, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط1، ص25.

13 ) محمد رسلان الجيوسي وجميلة جاد الله، 2014، کارگێڕی زانست و جێبەجێکردن، و:وەهاب حەسیب محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بڕیار/ سلێمانی، چ2، لا50

هەر لەچوارچێوەی ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی سیستەمی کارگێڕی کراوە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت کە ئاماژە بەو پێناسەیەش بدرێت کە دەڵێت سیستەمی کارگێڕی بریتیە لە" گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێکی کارگێڕی پێکەوەبەستراو گرێدراو، یان کۆمەڵێك بەش کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، یاخود چەند پەیوەندییەکی کارگێڕین وکاردەکەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش"[14].

دوای ئەو توێژینەوەیە لەسەر لایەنی زمانەوانی و، لایەنی چەمکیانەی سیستەمی کارگێڕیی، بە پێویست دەزانرێت کە ئاماژەبە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە بکرێت، کە لەمانەی خوارەوەدا دیاریبکرێن:[15]

1 - سیستەمی کارگێڕی لەبنەڕەتدا لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە، بەڵام کاتێك کەوردتر لێیدەڕوانیت ئەوا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە لە سترەکتۆرێکی یەکپارچەدا بەرجەستەیە، نەوەك چەند بەشێکی جیاجیاو لێکترازاو.

2 – هەموو بەشێك لە بەشەکانی سیستەمی کارگێڕی، سیستەمێکی تایبەت بە خۆیانن و ڕۆڵی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەگشتی لە چوارچێوەی سیستەمەکە دا.

3- لەهەموو سیستەمێکی کارگێڕیدا چەند کارێکی بنەڕەتی هەیە کە بریتین لە( پلان، ڕێکخستن، ڕینماییکردن، خشتەی کار)و دەبێت ئەندامانی ئەم سیستەمە پێوەی پابەندبن.

جگە لە و تایبەتمەندییانەی سیستەمی کارگێڕی، لێرەدا و بەوەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە ئاخاوتنی لێوەکراوە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژە بەگرنگترین پێکهاتەکانی ئەم سیستەمە بکرێت:[16]

1 – بوونی چەند ئامانج و مەبەستێك کە سیستەمەکە دەیەوێت بیانگەیەنێتە ئەنجام و وەدییانبهێنێت.

2 – نەخشەکێشراوییەك هەیە و هەندێکجاریش بنەما(سترەکتۆر)و بونیە هەیە.

3 – بەخشینی زانیاری، هەروەها وزەو کەرەستەی تایبەت بەگوێرەی پلانیکار، کە دەرچونەکانیان پێدەبەخشێت.

---

[14] ) صالحة المطيع، 2008/4/7، النظام الإداري, الواقع/ منهل للثقافة التربوية, , رابط ب: https://www.manhal.net/ , ـاريخ الزيارة/2021/4/16
[15] ) هەمان سەرچاوە
[16] ) دڵشاد مستەفا سڵێمان، سەرچاوەی پێشوو، لا33

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمشێوەیە بەخشینی کەرەستەکان، کە پلانییان بۆ دارێژراوە ، بۆ زانیارییەکان و ئەو وزە وکەرەستانەی کە مرۆڤ دەیانگۆڕێت بۆ ئامرازی بەرهەمهێنانی دەرچوونی بەرهەمەکان یاخود خزمەتگوزارییەکان و، لەبارێکدا ئەگەر سیتەمەکە چالاك بێت ئەوا دەرچووەکان ئامانجی سیستەمەکە دەپێکن.

هەر لەم پێوەندەدا و لە چوارچێوەی توێژینەوەکردن لە لایەنی تیۆریانەی چەمکی سیستەمی کارگێڕی، بە پێویستدەزانرێت ئاماژە بە بایەخ و گرنگیەکانی ئەم چەمکە بکرێت، لەم بارەشەوە پێویستە بوترێت کە هەموو سیستەمێك ئامانجێکی تایبەتی هەیە، کۆی ئەو پرۆسانەی کەلە ناوەخنی سیستەمدا هەن لە پێناو ئەو ئامانجەدا دەکەونەکار، کەواتە بەبێ سیستەم ناتوانین بە ئامانجەکان بگەین، هەربۆیە هەموو سیستەمێك گرنگی تایبەتی هەیە[17]. بەمشێوەیە دەکرێت گرنگی و بایەخەکانی سیستەمی کارگێڕی لەم خاڵانەی خوارەوە دیاریبکرێت[18].

1 – سیستەم و(ڕێکخستن)* بریتیە لە یەکێك لە فەرمان وکارەکانی کارگێڕی، کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك بنەماو ڕێکار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەسەر پێکهاتە و جوڵەکانی دەکات.

2- سیستەم هەڵدەسێت بە دیاریکردنی ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی ئەو ڕێکخستنە، لەگەڵ ڕونکردنەوە ودیاریکردنی دەسەڵاتەکان وئەو ئەرکانەی کە تاکەکانی ناو ئەو سیستەمە دەیانگرێتەوە. بەمشێوەیە دەکرێت لەفەرمانی ڕێکخستن براونین لە چوارچێوەی دەروازەی سیستەمی، یان(تیۆری سیستەمی کراوە)،کە بریتیەلە فەرمانی دیزاین یان نەخشەسازی، واتە ئامادەکردنی پەیکەر، یان چوارچێوەی گشتی بۆ سیستەمەکە، چونکە بەبێ ئەم تیۆرە سیستەمیە بۆ فەرمانی ڕێکخستن، ئەوا بەڕێوەبەرەکان ڕەنگە دابەزن بۆ شێوازی هەڕەمەکی بەبێ ئەوەی بایەخ بە داواکارییە بێهاوتاکانی هەر سیستەمێك بدەن.[19]

---

17 ) د.كامل بربر, ادارة الموارد البشرية و كفاءة الأداء التنظيمي, سەرچاوەی پێشوو،لا27
18 ) هەمان سەرچاوە
*ڕێکخستن: کاری بنەڕەتی بەڕێوەبەرە و گرێدراوی پلانە، کە پلانی هونەری و ئابووری دەگرێتەوە، لە پێناوی گەشەکردنی هەر پرۆسەیەك یان گەیشتن بە ئامانجێك، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ڕێگاو شێوازی کارکردن و تێچووی جێبەجێکردنی پلانەکە و دابینکردنی هەموو پێویستیەکان دەگرێتەوە، هەموو ئەم کارانە دەچنە چوارچێوەی کاری ڕێکخستنی کارگێڕییەوە. بۆ زانیاری زیاتربڕوانە/ د.فاطمة بدر و د.معاذ الصبغ،2020، أساسيات الأدارة، منشورات الجامعة الأفتراضية السورية، ص122
19 )د.خليل محمد الشماع، 2016، بنەماکانی کارگێڕی(بەتایبەتی کارگێڕی کار)، و/ محمد چیا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار/سلێمانی، چ1، لا232

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ئەم سیستەمە هانی بەڕێوەبەرەکان دەدات کە تێگەیشتنیان هەبێت بۆ کارەکانیان و لێپرساوێتیان، چونکە هەموو کارێکی کارگێڕی پەیوەستە بە گەیشتن بە ئامانجە گشتیەکانی سیستەم، چونکە ئەو دەزگا کارگێڕییەی کە ئەو بەڕێوەبەرە کاری لێدەکات بەشێکە لە سیستەمە گەورەکە، کە بریتیە لە دەوڵەت.[20]

4- ئەم ڕێکخستنە کارگێڕییە تەنها بریتی نیە لە پەیکەرێکی کارکەر(ئامێری)، بەڵکو بریتیە لە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کە خاتری گۆڕاوەکان و دیاردەکان و پێویستیەکان دەگرن، بەجۆرێك کە هەردوو بەشەکە سیستەم و بەشەکانی سیستەم تێکەڵاوی یەکتردەبن (تاك ، کار، نێوەند، پەیوەندییەکان).[21]

5- سیستەمی کارگێڕی، بەڕێوەبەری هەموو دامەزراوەیەك بەرپرسیاردەکات لە"دیاریکردنی ڕێڕەو و ستراتیژی دامەزراوەکەیی و، لەبڕیارە کارگێڕییەکان وئەرکی جێبەجێکردنیان و، لەملکەچبونی فەرمانبەران بۆ یاساو ڕێساو ڕێنماییەکان، و لەهەڵسەنگاندنی ئاستی ئەرکبەجێهێنان ولێپرسینەوەی پۆستهەڵگرانی خوارتر"[22].

بەمشێوەیە وبەوەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە دەرەنجامگەلێك لەوانەش چەمکی سیستەم چەمکێکی ئاڵۆزە ولەشێوەی تۆرێکی چنراودایە و، بەشەکانی وەك لاشەی مرۆڤێکی تەواو پێگەیشتوو دەچوێندرێت وهەریەکەیان کاریکی دیاریکراو ئەنجامدەداو تەواوکەری یەکترن و، گۆڕانکاری لەهەر بەشێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەتەواوی سیستەمەکەدا. سەبارەت بە سیستەمی کارگێڕیش ئەوا دەگەینە ئەوەی کە بریتیەلە چەند یەکەیەکی پێکەوە گرێدارو، کە تایبەتمەندی هاوبەش وئامانجی هاوبەش پێکیانەوە ئەبەستێت و، تۆرِێکی ئاڵۆزە وپێکهاتوە لە کۆمەڵێك پەیوەندی وکارلێك وکاری تەواوکاری کەگرنگی زۆریان هەیە بۆدیاریکردنی چواچێوە یاسایی وڕێکخستنە کارگێریەکانی هەردەزگایەکی کارگێڕی و، داوا دەکات کە هەموو پێویستیەکان

---

[20] ) د.كامل بربر،1996، الإدارة عملية ونظام, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط2, ص49
[21] ) د.كامل بربر, إدارة الموارد البشرية و كفاءة الأداء التنظيمي, سەرچاوەی پێشوو
[22] )د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، 2013، نیشتیمانسازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، چ1، لا224

لەبەرچاوبگیرێت، تاوەکو کاری هەموو دەزگاکان بەشێوەیەکی ڕێك وسیستماتیك بەڕێوەبچێت وکەموکورتی ونارێکی لە گەیشتن بە ئامانجەکان ڕوونەدات، وە بەرەو ئاڕاستەی نارێك نەچن.

تەوەری دووەم: چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی

سیستەمی فەرمانڕەوایی یەك لەو توخم و چەمکە گرنگ و بنچینەییانەی ژیانی ڕامیارییە کە ڕووبەرێکی گەورە و فراوانی لە هزر و توێژینەوەکانی هزرمەندان و توێژەران و تیۆریزانانی زانستەکانی کۆمەڵناسی و ڕامیاریدا پاوانکردوە، دیارە ئەوەش لەبەشێکی سەرەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنکەوتە و ڕۆڵەی کەئەم توخمە گرنگ و کاریگەرەی پرۆسەی ڕامیاری لەهەر دەوڵەتێکدا دەیگێڕێت و پێیڕادەبێت، بەجۆرێك کە هیچ سیستەمێکی ڕامیاری نیە بەبێ سیستەمی فەرمانڕەوایی بتوانێت کارو ئەرکەکانی خۆی بەجێبگەیەنێت و وەدیبهێنێت، لێرەوە و لەسەر ئەو ڕاستیانە بەپێویستزانرا کەلەم توێژینچەیەدا توێژینەوە لەسەر لایەنی چەمکی و تیۆرییانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی بکرێت.

سیستەمی فەرمانڕەوایی یەکێك لە گرنگترین دامەزاروەکانی سیستەمی ڕامیاریە ئەو گرنگیەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دامەزراوەیە هەڵسوڕێنەر و ڕێکخەری چالاکی و کاروبارەکانی کۆمەڵگەیە، بەواتایەکی تر هەڵسوڕینەر و جێبەجێکەری کاروبارەکانی هاوڵاتیانە لەپەیوەند بەدەوڵەت و دامەزراوە فەرمیەکانیەوە. لەسەرئەوە بەپێویستزانرا کە توێژینەوە لەلایەنی تیۆری و چەمکیانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی بکرێت.

هەرلەم چوارچێوەیەدا(فلیپ برۆ)ئاخاوتنکردن لەڕەگی چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەباتەوە سەر چەمکی دەسەڵات و لەوبارەشەوە ئاوها ئەنوسێت " چەمکی دەسەڵات هەوڵدەدات بۆ دڵنیابوون لەناسنامەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە ڕێکخراوەی کەڕێگە بە مومارەسەی کردەییانەی دەسەڵات دەدات"[23]. سەبارەت بەو ڕاستیەش (ئەو) دەڵێت کە " لەسەردەمی هاوچەرخدا، باڵادەستی ڕامیارییانە لەلایەن پرۆژەیەك(واتە ڕێکخستنێك)ی خاوەن مۆرکێکی دامەزراوەییانەوە مومارەسەدەکرێت کە، دەوڵەت و ئەمیش، لەیەککاتدا، ئامرازەکانی مومارەسەی پاوانکردنی هێز و ئامرازەکانی پاساودانی

[23]فلیب برو،2014، علم الاجتماع السياسي،ت:د.محمد عرب صاصيلا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع/بيروت،ط3، ص67.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەوایەتی(تبرير الشرعية) لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت و، خۆزگەی ئەوەی هەیە کە خۆی بکاتە گوێڕایەڵکراو".[24]

بەڵام(مۆریس دوفرجیە) ئەوا بە ئاڕاستەو دیدێکی جیا لەوەی (فلیپ برۆ)دەڕوانێتە ئەم پرسە و ڕاڤەی دەکات، ئەوەش لەوێوە کە (دوفرجیە)لە چەمکی (ڕۆڵەکان-الأدوار)ەوە ئاخاوتن لەهەریەك لە چەمکەکانی (سیستەم) و (دامەزروە) دەکات، لەو بارەشەوە دەنوسێت" لەواتا فراوانەکەیدا هەر کۆمەڵەیەکی ڕۆڵەکان کە تیایدا ڕەگەز جۆروجۆرەکان گشتێکی ڕێکخراو پێکدەهێنن و بەیەکیشەوە لێکگرێدراون، ئەوا "بەرێکخراوەکە-منظومة" دێنەناسین و ناوزەندکردنەوە، بەمشێوەیە و بەم واتایە هەریەك لەدامەزراوەی"پەرلەمان" و"پارتی کۆمۆنیست" بریتین لەرێکخراوەی ڕۆڵەکان"[25]. لەپەیوەند بەچەمکی دامەزراوەشدا(Institution)، ئەوا پێویستە بوترێت کە" بریتیە لە کۆی ئەو ڕێسا یاسا پەیوەندارانە بەهەمان بابەت و بەهەمان فەرمان یان کارەوە، کە هەموویان گشتێکی هەماهەنگئامێز پێکدەهێنن، ئەم دیدە بۆ چەمکی دامەزراوە لەگەڵئەوەی کەلە فەرهەنگی (روبیر)دا هاتووە، هاوکۆکە کە دەڵێت: دامەزراوەکان بریتین لەکۆی ئەو شێوانە یان بونیە جەوهەریانەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەروەك ئەوەی کە یاساکان یان نەریتەکانی کۆمەڵەیەکی مرۆیی دانیپێدادەنێت"[26].

بەمشێوەیە دەبینین کە(دۆفرجیە) بە دەستەوەگرتن و کارکردنی بەو شیکردنەوە و تێگەیشتنەی سەرەوە بۆ چەمکی دامەزراوە، دەگاتە ئەوەی ئەم پێناسەیەمان بداتێ بۆ چەمکی دامەزراوەی ڕامیاری کە" ئەو دامەزراوە پەیوەندارانە بە دەسەڵاتەوە دەگرێتەوە لە هەموو کۆمەڵگەکان، هەموو کۆمەڵەکان، هەموو کۆمەڵبووەکاندا"[27].

بەڵام لای هەریەك لە(گابرێل ئەلمۆند)و(گی.بنجهام باویل) ئەوا دەبینین کە چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە پرسی دروستکردنی ڕامیاری(political creatation)و ئەوەش کاتێك کە لەو بارەوە دەنوسن" دروستکردنی ڕامیاری قۆناغێکی تەوەرییە لە پرۆسەی ڕامیاریدا، کاتێك کە ڕێککردنی هێزە ڕامیارییەکان تەواو و کۆتا هاتووە، ئیتر ئێستا پێویستە کە

---

[24]) فلیب برو, المرجع السابق، ص67
[25])موريس دوفرجية، 1992، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى, ت/جورج سعد, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/بيروت، ط1، ص15.
[26])هەمان سەرچاوە، لا15-16
[27]) موریس دوفرجیە، سەرچاوەی پێشوو، لا18-19

ڕامیارییە فەرمیەکان بێنەدانان، هەروەها پرۆژەی یاساکان لەلایەن دەزگای یاسادانەریەوە دێنە پێشنیارکردن و تێپەڕبوون، یان فەرمینامە-مراسیم-دەرچووەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی و، پاش ئەوانەش پێویستە کە ئامانجەکانی ڕامیاری بێتە جێبەجێکردن و، پێداچوونەوەی دەرەنجامەکانیش تەواوبێت"[28].

هەر لەم چوارچێوەیەدا(ئەندرۆ هیود) لە پێناسەی چەمکی (ڕامیارییەوە- polic) ئاخاوتن لە گرنگترین و سەرەکیترین دامەزراوەکانی چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەکات و وای بۆ دەچێت کە" ڕامیاری بریتیە لە" دابەشکردنی دەسەڵات ئامێزانەی بەهاکان- the value" و بەم واتایەش ڕامیاری لێکگرێدراو دەبێت بە"ڕامیارییەکان"و ئەو بڕیارە فەرمی و دەسەڵات ئامێزانەی کە پلانی کاری کۆمەڵەکە دادەنێن"[29]. بەمشێوەیە (هیوود) لەمیانەی ئاخاوتنی لە ڕۆڵ و کاریگەری چەمکی" ڕامیاری" لەناو سیستەمی فەرمانڕەوای سەرەکیترین ئەو دامەزراوانەی ئەم چەمکە دیاریدەکات، سەبارەت بەوەش دەنووسێت"لەوێوە کە"ڕامیاری" لەناو سیستەمی فەرمانڕەواییدا سیستەمێك لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەبوون و ئاراوە کە لەدەوری میکانیزمی فەرمانڕەوایی-حوکم-چەقبەندە، ئەوا ئەم چەمکە، بەم واتایەی لە دامەزراوە حکومیەکاندا گیربەندە-محصورة- و لە ژوورەکانی ئەنجومەنی وەزیران، یان ئەنجومەنە یاسادانەریەکان، یان کارگێڕییەکانی حکومەت و وێکچووەکانی(ئەوانەی کە پێیدەچن) دێتەڕوودانەوەو، تەنها کۆمەڵەیەکی دیاریکراو و تایبەت لە خەڵك تیایدا بەشدار دەبن: ڕامیاریەکان، فەرمانبەرە حکومیەکان و، کۆمەڵەکانی فشار"[30].

پرسێکی گرنگ کە لە پەیوەند بە توێژینەوە لەلایەنی تیۆریانەی چەمکی سیستەمی فەمانڕەوایی پێویست بە لەسەر وەستان دەکات بریتیەلە واقیعی پەیوەندی نێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی و سیستەمی کارگێڕی، سەبارەت بەوەش دەبینین کە شارەزایان و تیۆریزانانی زانستی ڕامیاری دیدوبۆچوون و ڕای جیاوازیان هەیە، بەمشێوەیە لەکاتێکدا کە(مۆریس دوفرجیە) وای بۆدەچێت کە چەمکی"دامەزراوە ڕامیارییەکان هەموو ئەو دامەزراوانەی دەوڵەت ناگرێتەوە کە پەیوەندیدارن

28)جابريل إية ألموند وجي .بنجهام باويل الأبن، 1998، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر،ت:هشام عبدالله،الدار الأهلية للنشر والتوزيع/عمان، ط1، ص159.
29)أندروهيوود، 2013، النظرية السياسية – مقدمة،ت:لبنى الريدي،المركز القومي للترجمة/القاهرة، ط1،ص100.
30)هەمان سەرچاوە,لا100-101

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەسەڵاتەوە، بەڵکو پێویستە کە لەم بوارەدا جیاکاری بکرێت لەنێوان دامەزراوە ڕامیارییەکان لەلایەك و دامەزراوە کارگێڕی و دادوەرییەکان لەلایەکی ترەوە، بەمشێوەیە جیاکاریکردن لەنێوان ڕامیاری و کارگێڕیدا لەسەر بیرۆکەی بنچینەیی ڕادەوەستێت کە دەڵێت ڕامیاری تایبەتە بە بڕیارە جەوهەرییەکان و، هەڵوێستە گشتیەکان و ئاڕاستەگەریە تێکڕاییەکان، بەڵام کارگێڕیّ ئەوا پێویستە کە تەنها بایەخبدات بە پراکتیزەکردنی کرداریانەی ئەم بڕیارانە، ئەم هەڵوێست و ئاڕاستەگەریانە، لەو وردەکارییانەدا و لەسەرئاستی هاوڵاتیان"[31]. ئەوا لای هەریەك لە (گابرێل ئەلمۆند) و (گی. بنجهام باویل ) سیستەمی کارگێڕی و دامەزراوە و دەزگاکانی نەك هەر گرنگی و بایەخی زۆر ئەرێنیان هەیە لەکۆی پرۆسە ڕامیارییەکەدا، بەڵکو لەپێشەوە و لەنێوەندی سەرکردایەتیکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی و بەڵکو سیستەمی ڕامیاریشدان، ئەو ڕاستیەش لەمیانەی پەیوەندی حکومەت و دروستکردنی ڕامیاری ئاخاوتن لێدەکەن و دەنوسن" پێویستە لەسەرمان کە ئەو نێوەندی سەرکردایەتیەی کە بریکارە - وکالات – حکومیەکان، پێدەناسرێن و هەیانە جیاکاری بکەین لەپرۆسەی دروستکردنی ڕامیاریدا، لەم پەیوەندەدا سێ جۆر لەدامەزراوەمان هەیە کەبەشدارن لە دروستکردنی ڕامیاریدا وبریتین لە:دەزگای جێبەجێکاری، ئیتر چ هەڵبژێراو بێت یان دانراو، پلەباڵاکانی فەرمانگە حکومیەکان و، ئەنجومەنە یاسادانەریەکان، بەرپرسە جێبەجێکاریەکان- المسؤلون التنفیذیون-وەك پیشەی بەردەوامیان هەڵدەستن بەبەجێگەیاندنی فەرمانگەلێك گرنگی تایبەت بە سیستەمەکە و، دەزگای جێبەجێکاریش لە شوێنی سەرکردایەتیدایە لەناو سیستەمی ڕامیاریدا"[32].

لەپەیوەند بە پێناسەی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەوا ئەو پێناسەیە دەخەینەڕوو کە دەڵێت ئەم سیستەمە بریتیەلە" میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و، کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی زۆرەملێ ئەنجامدەدات لەپێناو پاراستنی کیانی کۆمەڵایەتی لەناوەوەی وڵاتدا، ئەوە جگە لەکارەکانی تری کە بریتین لە ڕێکخستن، دابەشکردن و تێرکردن، هەروەها و لەلایەکی ترەوە ئەرکی پاراستنی کۆمەڵگا لە مەترسیەکانی دەرەوە لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیە هەر کاتێك سیستەمی فەرمانڕەوایی توانی کارەکانی بەباشی ئەنجامبدات، ئەوا ڕەوایەتی زیاتر دەبێت و، لەلایەن کۆمەڵگاشەوە وەرگیراودەبێت و، کۆمەڵگاش پابەندی فەرمان و ڕێنەدراوەکانی دەبن، هەروەها سیستەمی فەرمانڕەوایی جۆرێکە

---

[31]) موریس دوفرجیە، سەرچاوەی پێشوو، لا19
[32]) جابریل إیة ألموند وجي .بنجهام باویل الأبن ،سەرچاوەی پێشوو، لالا159،168،176.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهێز کە هەوڵ و ئەرکی هاوڵاتیان ڕێکدەخات لەڕێگەی فەرمان و پابەندییەکانی هاوڵاتیانەوە، ئەویش بەپێی ئەو ڕێساو یاسایانەوە کەلە دەستورێکی نووسراودا ئاماژەی پێدەدرێت"[33].

بەمشێوەیە و دوای پێناسەکردنی چەمکی سیستەمی فەرمانڕەوایی بەپێویست دەزانرێت ئاخاوتنێکی کورت لەلایەنی مێژووییانەی بکرێت، سەبارەت بەوەش پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت کە دەگەڕێتەوە بۆ "یۆنانی کۆن" کە یەکەم شێوەی سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ بوونی هەبووە و، تیایدا خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کۆمەڵیانە، نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دیاریکردووە، هەروەها ئەم چەمکە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کەلە یاسا نووسراوەکانی حامورابی (1754پ.ز)ەوە دەسپێدەکات، تابەشداری ڕاستەوخۆیانەی خەڵك لە بڕیارەکانی دەوڵەت-شاری ئەسیناداو، سیاسەتی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکان لەڕۆمای کۆماریدا[34].

لێرەوە بەوەستان لەسەرئەوەی توێژینەوەی لەسەرکراوە، دەگەینە ئەوەی کە بڵێین سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆڵەکەی بنەڕەتیە لە دەوڵەت و هەر قەوارەیەکی ڕامیاری سەربەخۆ یان نیمچەسەربەخۆدا، لەبەرئەوەی کۆی کارەکانی دەوڵەت بەپێی ئەم سیستەمە ڕێکدەخرێت و لەقاڵب دەدرێت و، هەروەها پەیوەندییە یاسایی و سیاسیەکانیش تیایدا دێتە ڕێکخستن، هەروەها دەبێتە هۆی دیاریکردنی سنوورو چوارچێوەی دەسەڵاتی هەموو کارەکتەرەکانی دەوڵەت و، دەسەڵات دەدات بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە چاودێر بن بەسەر لایەنەکانی تردا و هیچ لایەنێکیش بەدەرناکرێت لەم چاودێرییەو، لەهەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایشدا بابەتێکی تریش کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەر دەوڵەتەو لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەی سیستەمی فەرمانڕەواییەکەی دیاریدەکات، واتە بەپێی بەرژەوەندی گەل سیستەمەکان دەگۆڕێن و جیاواز دەبن.

**بەشی دووەم: چۆنێتی داڕشتەبوونی سیستەمی کارگێڕی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستاندا**

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە جەنگی کەنداوی دووەم و داگیرکردنی دەوڵەتی کوەیت لە لایەن عێراقەوە بەشوێنخۆیاندا هێنا هەلومەرجێکی وەها هاتە پێشەوە کە تیایدا کورد وەك نەتەوەیەکی

---

[33] ) د.محمود محمد سلمان، 2011، السلطة السياسية العربية و دورها في تكنولوجيا السلوك الأجتماعي، مجلة جامعة الديالى/ مجلد3، العدد13، ص32

[34] ) د.أحمد الجربيع، النظرية الديمقراطية، رابط ب https://nimd.org/wp-content/، ص7، تاريخ الزيارة 2021/6/15

بندەستی ناوچەکەو وەك گەلێکی بندەست و مافپێشێلکراو لە دەوڵەتی عێراقدا، بتوانێت سوود لەو باردۆخە وەربگرێت و ئەو هەلە زێڕینە بقۆزێتەوە کە هاتۆتە بەردەمی و بە درێژایی مێژوو خەونی پێوە بینیوە، بەمشێوەیە و لەپێناوی دامەزراندی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیداو، چەسپاندنی سیستەمێکی خۆماڵی کە خزمەت بە تەواوی خەڵکی کوردستان بکات، سیستەمی کارگێڕیی بووە هەوێنی دروستبوونی ئەو سیستەمەو، هەنگاوی دەسپێکیش لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییەوە دەستی پێکرد کە حکومەتی عێراقی هێنابوویە ئاراوە، لەسەرئەوەو توێژینەوە لە پرسێکی ئەوها ئەوە دەخوازێت کەلەم سێ تەوەرەی خوارەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت:-

تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی هاتنەئارای پرۆسەی ڕامیاری لە هەرێمی کوردستان

تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی دارشتەبوونی سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا

تەوەری سێیەم: بەشداری ئەکتیڤانەی سیستەمی کارگێڕی لە پێکهاتنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان.

**تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی ئاتنەئارای پرۆسەی ڕامیاری لە هەرێمی کوردستان**

ڕوداوەکانی جەنگی دوەمی کەنداو وئەو دەرەنجامانەی کە لێیانکەوتەوە، بەتایبەتیش هاتنی هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وبەریتانیا بۆ ناوچەکەو سەرکردایەتیکردنیان بۆ ڕزگارکردنی کوەیت و وەدەرنانی سوپای عێراق بەشێوەیەکی کەمەرشکێن و کارەساتبار لەو وڵاتە، زەمینەی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری عێراق و ناوچە کوردییەکانیان خۆشکرد و هێنایەئاراوە. بەجۆرێك بۆیەکەمجاربوو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیەوە لەعێراقدا ڕاپەڕینی لەو شێوەیە لە دژی ڕژێمی حوکم بکرێت، بەمشێوەیە ولەپەیوەند بە باشووری کوردستان، ئەو ڕاپەڕینەی بەهاری1991، کۆمەڵێك لێکەوتەو گۆڕانکاری گرنگ وپڕبایەخی بۆ بزاوتی ڕامیاری کوردی بەگشتی تێکۆشانی خەڵکی کورد لەمبەشەی کوردستاندا هێنایە ئاراو چێبوونەوە، کەلە هەموویان گرنگترو بایەخدارتر سەرهەڵدانی پێکهاتەیەکی ڕامیاری نوێ بوو بەناوی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی سیستەمی فەرمانڕەواییە تیایدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ توێژینەوە لە پرسی دەرکەوتن وهاتنەئارای هەرێمی کوردستان، پێویستە کە گرنگترین وسەرەکیترین ئەو هۆکارانە دیاریبکرێت کەلەپشت ئەوپرۆسەی دەرکەوتن وهاتنەئارایەوە بوون، بۆئەوەش ئاماژە بەوڕاستیە دەدەین کە داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەلایەن لەشکری سەدام حوسێن، بوونە هۆی ئەوەی بۆ جاری یەکەم کێشەی کورد بکەوێتە بەردەم کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ببێت بە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بووە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی کە ئەو ناوەندە نێودەوڵەتیانە هەڵوێستیان دەربارەی کوردی عێراق وەرگرت، ئەوەش تەنها لە ئەنجامی رەفتاری دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی وقڕکەری کوردەکان، ئەو دیوارە بێدەنگەی کە دەیان ساڵ بوو داوا رەواکانی گەلی کوردی شاردبووەوە شەقی بردو درزی تێکەوت، ئیتر لێرەوە کاروانی پرۆسەی ڕامیاری وخۆبەڕێوەبەری کورد دەستپێیکرد[35].

هەر لەم پێوەندەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە داگیرکردنی دەوڵەتی کوەیت لەلایەن سوپای دەوڵەتی عێراقەوە و ئەو جەنگەی کە بەدوایخۆیدا هێنای لەرزگارکردنی ئەو وڵاتە، کۆمەڵێك دەرەنجام و لێکەوتەی گرنگ و پڕبایەخی لێکەوتەوە، بەمشێوەیە ئەو، هەرەشانەی رژێمی بەعس لەعێراق بۆ سەر ناوچەکە، بووەهۆی ئەوەی عێراق ڕووبەڕووی زنجیرەیەك لە سزای نێودەوڵەتی ببێتەوە و، وایکرد کە ئەنجومەنی ئاسایش دەستکراوە بێت لە بەکارهێنانی هەموو ئالییەتێکی پێویست بۆ کشانەوەی سوپای عێراق لە کوێت، بەڵام بەهۆی ملنەدانی عێراق بە داواکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە کوێت، عێراق ڕووبەڕووی جەنگێکی قورس بووەوە و کەورەترین خەسارە لە سوپای عێراق کەوت و بەناچاری پاشماوەی هێزەکانی لە کوێت کشانەوە [36].

بەمشێوەیەو لەئەنجامی شکانی هێزەکانی عێراق لەبەرامبەر هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وبەریتانیا سەرکردایەتیان ئەکرد، بووە هۆی دروستبونی هەستێکی ئینسانی بەرامبەر بە گەلی کورد و کۆتایی بەو کارەساتانە هێنا کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە، بهێنێت، یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەو ڕوداوانەش، بریتی بوو لە ڕاپەڕینی بەهاری1991، کە

---

[35] ) د.جاسم توفیق خۆشناو،2002، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، لا32

[36] ) نسرين أحمد عبدالله الجاف، 2005، التجربة البرلمانية في أقليم كردستان العراق(1991-1998)، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية العلوم السياسية/ جامعة بغداد، ص72-73

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووەهۆی ئازادبونی ناوچەیەکی فراوان لە هەرێمی کوردستان کەپێشتر لەژێر کۆنترۆڵ وهەژمونی سوپاو هێزە ئاسایشیەکانی عێراقدا بوون، هەروەها گەڕانەوەی پارتە کوردیەکانی کەسەرکردایەتی بزاوتی ڕامیاری کوردییان دەکرد و لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێران بوون، بۆ ناوچەئازادکراوەکانی هەرێم[37].

بەڵام حکومەتی عێراقی هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی دایەوە و هێرشێکی دڕندەی کردە سەر خەڵکی ناوچە ڕاپەڕیوەکانی باشووری عێراق و کوردستان، لەکۆتایی مانگی ئازاری 1991سوپای بەغدا بەرەو کوردستان کشا، هێزی ئاسمانیش بەشێوەیەکی کوێرانە دەستی بەبۆردوومان کردو هێزەکانی پاسەوانی کۆماری دەستیان بەکوشتن و بڕینی خەڵك کرد، بەرەی کوردستانیش لەبەرامبەر بێدەنگی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هیچی بۆنەکرا، ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ئیدارەو فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی پانوبەرین و خەڵکێکی ئاوەها زۆر، بۆیە بڕیاریدا بەرگری نەکات، هەرچی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بوو زۆر باش دڕندەیی ڕژێمیان دەناسی، لەبەرئەوە هەوڵی خۆدەربازکردنیاندا و ڕوویانکردە شاخە سەربەفرەکان و لەسنووری تورکیاو ئێران و سوریا پەڕینەوە، دیمەنی ئەو کۆڕەوە گەیشتەسەر شاشەکانی هەموو جیهان[38].

هەربۆیە پێویستە کە ئاماژە بەو هێرش و پەلامارەی سوپای بەعس بۆ سەر خەڵکی کوردستان بکرێت کە یەك لە ڕووداوە کارەساتبارەکانی قۆناغی هاوچەرخی کوردانی لێکەوتەوە کەئەویش (کۆچی ملیۆنی خەڵکی کوردبوو لەمبەشەی کوردستان بۆ سنورەکانی ئێران و تورکیا) سەرەنجام قۆناغێکی نوێی بزاوتی ڕامیاری کوردی هاتە ئاراو خۆگرتنەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی کورد لەمبەشەی کوردستان بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا، ئەوەبوو تورکیا ڕایگەیاند کە ناتوانێت ئەو هەموو پەنابەرە وەربگرێت و داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد بێتە دەنگ، لەئەنجامدا و بەهۆی ئەو بارودۆخە مرۆییەی دروست ببوو، ئەنجومەنی ئاسایش ناچار بوو بێتە دەنگ و، داوای لە حکومەتی عێراقی کرد مافی مرۆڤ پێشێل نەکات و سنوورەکان ئاواڵا بکات بۆ گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان[39].

---

[37] ) محمد صابر كريم، 2012، التعددية السياسية وأثرها على السلطة التشريعية في إقليم كوردستان/العراق، منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر/ السليمانية، ص179.

[38] ) د.جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا37

[39] ) زێندین مولود خدر، 2015، کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق، نامەی ماستەر پێشکەشکراوە بە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی صەلاحەددین، هەولێر، لا 18-19

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە کۆڕەوە مەزنەکەی کورد هێنایە ئاراوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی(بڕیاری 688)*دەربکات وعێراق ناچارکرا لەبەشێکی کوردستان بکشێتەوە و ناوچەیەکی ئارام دروستبکرێت بەمەبەستی ڕاگرتنی داپڵۆسینی ڕژێمی سەرکوتکەری عێراق، و مانەوەی ئەم ناوچە ئارامە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایش بووەو، لەخاڵی حەوتەمی بڕیارەکەدا هاتووە کە سروشتی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە دەبێت عێراق پێوەی پابەند بێت .[40]

بەمشێوەیە ئەو بڕیارە ئاماژە بۆکراوەی سەرەوە حکومەتی عێراقی ناچارکرد کە هێزەکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە، هاوکات پێویستە بوترێت بۆ گەرەنتیکردنی دووبارە نەبوونەوەی هێرشەکان سوپای عێراقی بەغدا ناچاربوو بە داخوازییەکی سەرشۆڕانە ڕازی بێت کە ئەویش ئەوەبوو کە، هێزە ئاسمانیەکانی عێراق نابێت لەودیوی هێڵی پانی (36) هیچ چالاکیەك ئەنجامبدەن و، بۆ ئەوەش ئەو ناوچە کوردییەی کە هاتووچۆی تێدا قەدەغەبوو و لەلایەن (فرۆکە جەنگیەکانی) باڵەفڕە شەڕکەرەکانی هاوپەیمانانەوە چاودێری دەکرا، لێرە بەدواوە ئیتر مەترسیەکی ئەوتۆ لەسەر هەرێمی کوردستان نەما.[41]

لەم پێوەندەدا پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێت کە بڕیاری 688ی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەبۆکراو لە واقیعدا سەرتایەك بوو بۆ کۆتاییهێنان بە قۆناغێك لەپشتگوێخستن و فەرامۆشکردن لەلایەنی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەوە، لەبەرامبەر کێشەی کورد لەعێراق کە(30) ساڵی خایاندووە، هەروەها پرنسیپێکی نوێی هێنایەدانان کە ڕێگە دەدات بەهاتنە ناوەوەی(UN)* لەبەرژەوەندی مافەکانی مرۆڤ لەسەر حیسابی پرەنسیپی دەستوەرنەدان لەکاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتان[42]. سەبارەت بەو

---

[40] ) شەماڵ عەبدوڵڵا، 2002، سروشتی بڕیاری 688و چۆنێتی کاراکردنی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری/سلێمانی، لا25-26

*بڕیاری 688 لە 5ی نیسانی 1991 لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە دەرچوو، لە ئەنجامی ئەو خراپەکارییەی کە ڕژێمی عێراق دەرهەق بەگەلانی عێراق ئەنجامی دابوو، بەتایبەتی گەلی کورد، ئەمەش بەتایبەتی تر پاش کۆڕەوی ملیۆنی کورد بۆ سنوری وڵاتەکانی ئێرلن و تورکیا، لە یەکێك لە بەشەکانی ئەم بڕیارەدا داوا لەعێراق دەکات کە ئەو داپڵۆسین و قڕکردنە ڕابگرێت و ڕێگەش بە ڕێکخراوە مرۆییەکان بدات بۆ بەهاناوەچوونی هاوڵاتیانی سڤیل، وە ناوچەیەکی دژە فڕین دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی سوپای عێراقی نەتوانن لەوە زیارتر دەستریژی بۆ سەرخاکی کوردان نەکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شەماڵ عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە.

[41] ) ئۆفرا بینگیۆ، 2013، کوردی عێراق بنیادنانی دەوڵەتێك لەناودەوڵەتدا، و/ سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/ هەولێر،چ1، لا312

*UN، هێمایە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

[42])د.فاضل الزهاوي، 2004، حرب الخليج وإنتفاضة كوردستان العراق،منشورات المديرية العامة للطباعة والنشر/وزارة الثقافة/ السليمانية، ص162.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرنسیپەش پێویستە ئەوەبوترێت کە سەرۆکی کۆچکردووی پێشووی فەرەنسا(فرانسۆ میتران) دەستخۆشی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە لەسەر دەرکردنی بڕیاری دەستوەردان لەکاروباری نێوخۆیی عێراق لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردەکان، لەواقیعدا بەهیچ شێوەیەك هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە کەپشت لەبەشمەینەتی گەلێك بکات کاتێك لەبەرەوڕووی مەترسیدایە لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت ، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی (ئەنجومەنی ئاسایش) بوو لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان[43].

لەم پێوەنداو لە ئەنجامی ئەو وداوە ئاماژە بۆکراوانەی سەرووەو دوای ئەوەی کە ڕژێمی بەعس بڕیاریدا کۆتاییهێنێت بەسەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە پارێزگاکانی(سلێمانی –هەولێر -دهۆك)، سەرەنجام دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی خۆیی لەو بەشە ڕزگارکراوەی هەرێمی کوردستاندا هاتە ئاراو پێکهاتنەوە، لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت کە هەموو ئەو هۆکارانە هەلێکی مێژوویی لەباریان ڕەخساند بۆ دروستکردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان/عێراق و، ئەمەش بە چەند هەنگاوێك ئەنجامدرا، لەسەرەتادا (بەرەی کوردستانی)*، هەوڵیدا ئەو بۆشاییە کارگێڕییە پڕبکاتەوە کە حکومەتی عێراقی هێنابوویە ئاراوە، ئەویش بەدامەزراندی دەسەڵاتێکی نیشتمانی، بۆئەوەش بڕیاریدا کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئایاری 1992 ئەنجامبدرێت و دەزگاو دامەزراوە یاساییەکان بێنە ڕێکخستن و دروستکردنەوەو، تا هەڵبژاردنی پەرلەمان لەو ماوەیەی کە هەیە بەرەی کوردستانی ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە ڕێگەی دەزگاکانیەوە دەبینێت، سەرچاوەی دارایشی تەنها گومرگ بوو چونکە ڕێگەی وشکانی نێوان عێراق-تورکیا و بەشێکی عێراق-ئێرانیش بەتەواوی کەوتبووە ناوچەی دەسەڵاتی ڕزگارکراوی هەرێمی کوردستان[44].

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت کە بەرەی کوردستانی بەمەبەستی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان/عێراقی دەرکرد بە (ژمارە(1)لە 1992/4/8)کە

---

[43] )پێشڕەو حمەجان عزیز، 2007، تطور القانون الدولي العام في ظل النظام العالمي الجديد،رسالة ماجستير،مقدمة لمجلس كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ص105

*بەرەی کوردستانی:سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1988و، پێکهاتوە لە(حیزبی سۆسیالیستی کوردی(پاسۆك)، پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق،یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،حیزبی شیوعی عێراقی/هەرێمی کوردستان،پارتی گەلی دیموکراسی، پارتی سۆسیالیستی کوردستان).ئەم بەرەیە بەشداربووە لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 لەگەڵ جەماوەری خەڵکی کوردستان.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(د.محمد صابر كريم, المصدر السابق, ص181-182)

[44] )سامان سالح فرج، سەرچاوەی پێشوو، لا57

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتەبە هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بریتیە لە دەسەڵاتی یاسادانان، کە ئەمە خاڵی دەستپێکی دروستبوونی دەستەیەکی نوێنەرایەتی و حکومەتی ناوچەیی کە پێشتر ڕەوایەتی شۆڕشگێری و ئێستاش ڕەوایەتی یاسایی، بەپشتبەستن بە میکانیزمە دیموکراسیەکان، بۆ ئەم مەبەستە بەرەی کوردستانی هەستا بەدروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان/عێراق، ئەم لیژنەیە کاری ڕێکخستن وئیدارەدانی هەڵبژاردنەکان وچاودێری کردنێتی، بۆئەوەی هیچ مەترسیەك لەسەر کاری هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانی دروست نەبێت[45].

بەم شێوەیە وئەنجامدانی یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە لە هەرێمی کوردستان بووە ڕووداوێکی گرنگ و پڕبایەخ کە عێراق پێشتر شتی وای نەبینیوە، لەبەرئەوەی یەکەم دەلاقەی ڕاستەقینەی دیموکراسی لە عێڕاقدا کرایەوە ویاساکان وبنەماکانی هەڵگێڕایەوە، هەروەها ئەم هەڵبژاردنە بووە ئامرازێکی ئاشتیانەی ئاڕاستەکردنی جوڵەی ڕامیاری لە نێوان پارتە بەشداربووەکانی پرۆسەی ڕامیاری لەکوردستان و، نمونەیەکی جوانیش لەناوچەکەدا [46].

لەو پێناوەدا لیژنەیەك لەبەرەی کوردستانی ، پڕۆژەیەکیان ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە یاسای هەڵبژاردن وکارتی(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان)، و لەلایەن سەرکردایەتی(بەرە)وە پەسەندکرا، هەروەها بڕیاردرا کە سەرۆك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت، بەڵام دەسەلاتەکانی دیاری نەکران و، کوردستان بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکران کەبریتیبوون لەپارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی و کەرکوك)، هەریەکە لەمانە دابەشی چەند بنکەیەکی دەنگدان کران، و هەموو هاوڵاتیانی کوردستان لە 18ساڵ بەسەرەوە بەشدار دەبن، نێرو مێ، بەبێ جیاوازی مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام لەبەرچەند هۆیەکی تەکنیکی ڕۆژی هەڵبژاردنەکە دواخرا بۆ 1992/5/19[47].

بەم شێوەیە ئەو پرۆسە مێژووییە (هەڵبژاردنی یەکەمین دامەزراوەی یاسادانەری کوردی) و پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی(دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کوردانی) لێکەوتەوە، بەو شێوەیەو سەبارەت

---

45 ) أيوب محمد طيب محمدصالح، 2019، تقويم أداء برلمان كوردستان- العراق(2005-2013)، أطروحة مقدمة كلية العلوم السياسية/جامعة السلمانية، ص59-60

46 ) د.خالد سعيد توفيق و م.ياسين محمود عبابكر،2012، الانتخابات البرلمانية المحلية في اقليم كوردستان بين الواقع والطموح, ورقة بحثية في المؤتمر السنوي الثالث/ سكول العلوم السياسية جمجمال/ جامعة السليمانية، ص 294

47 ) د.جاسم توفيق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا42-43

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسروشت و تایبەتمەندی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە جێبەجێکردنەو ڕاستیەش دەبێت ئەوەبوترێت کە وەزارەتەکانی حکومەتەکە لەنێوان(پارتی ویەکێتی)دا دابەشکران بەشێوەی(50به50) واتە وەزیرێك لە پارتی دیموکرات بێت دەبێت، جێگرەکەی لە یەکێتی بێت، هەتا پۆستەکانی خوارەوەش بەم شێوەیە دابەشکران، تاوەکو ساڵی 1994[48].

لێرەدا جێیخۆیەتی ئەو ڕاستیە بوترێت کە حکومەتە نوێیەکە، وەك دەزگایەکی یاسایی، بەخێرایی کارەکانی خۆی گرتەدەست و، بەمجۆرە لەکانونی دووەمی ساڵی 1993دا، بۆنموونە یاسای(دەسەڵاتی دادوەری)کەسەربەخۆیی یاسا ئەچەسپێنێ، دەرچوو، جگە لەمەش لە(ت1993/1)دا، (یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) کە دامەزراندن و دانپێدانانی پارتە سیاسیەکان ڕێکدەخات، کە ئەمەش بەهەنگاوی سەرەتای دەستپێکردنی حکومەتی هەرێم هەژماردەکرێت[49].

لێرەوە بەوەستا لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەتوانرێت بوترێت کە کۆمەڵێك فاکتەری ناخۆیی هەرێمی وجیهانی لەپشت دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوەن و، پارت و هێزە ڕامیارییەکانی بزاوتی کوردی لەباشووری کوردستان توانیان ئەو دەرفەتە مێژووییە بقۆزنەوە لەپێناوی پێکهێنانی دامەزراوە بنچینەییەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی، دیارە لەو پرۆسە مێژوویەدا خەڵکی کورد لەهەرێمی کوردستان پشتیوان و هاوکاری سەرەکی و ڕیشەیی ئەو پرۆسەی بونیادنانی دەسەڵات و ئەو سیستەمەی فەرمانڕەواییکردنە بوون کە تائێستاش درێژەی هەیە، هەروەها سەرباری هەبوونی چەندین کەموکوڕی و خاڵی لاوازی دیارو سەرەکی، بەڵام پرۆسەی بونیادنانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی ئەوەی بەهەرێمی کوردستان دەناسرێت بەردەوامە و درێژەی هەیە.

تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی داڕشتەبوونی سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستان

لەوێوەکە سیتسەمی کارگێڕی یەکێکە لەگرنگترین سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی لەهەر دەوڵەتێکدا هەربۆیە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ دەبینرێت لەنێوان سیستەمی کارگێڕی و ئەو فەلسەفە سیاسیەی کە دەسەڵاتدارانی سیستەمی ڕامیاری دەوڵەتەکە بڕوایان پێیەتی، چونکە سروشتی ئەو فەلسەفەیە

---

48 ) شيلان واحد سعيد، 2018، دور المعارضة في الانظمة الديمقراطية المعاصرة(اقليم كوردستان العراق أنموذجا)، اطروحة دكتورا مقدمة لكلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية، ص32

49 )ڕوود هۆف و ئەوانی تر،2013، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق 19ی مایسی 1992 ئەزموونێکی دیموکراسیانە، و/ صفوت رشيد صدقي، چاپخانەی ئەزمەڕ/ سلێمانی، چ2، لا5

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەری ڕاستەوخۆ دادەنێت لەسەر شێوە و بنەماکامی ئەو سیستەمە، جگە لەوەش ئەم سیستەمە کارگێڕییە بەپێی جۆری سیستەمە ڕامیارییەکە و لەچوارچێوەی دەستووری دەوڵەتەکەدا بەڕوونی ئاماژەی بۆدەکرێت. هاوکات سیستەمی کارگێڕی ئامرازێکە بۆبەهێزکردن یاخود لاوازکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەر دەوڵەتێکداو، هۆکارێکی گرنگە بۆ چۆنێتی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەکایە کارگێڕییەکان وبەڕیوەبردنی کۆی کارەکانی دەوڵەتەکەیان، جا لەسەر هەربنەماو پرنسیپێك ڕاوەستابێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاردەکات لەسەر ڕاییکردنی کارەکان وبەشداری کارەکتەرەکان لە کاری کارگێڕیدا.

لەپەیوەند بە پرسی دارِشتەبوونی ڕەگەزەکانی سیستەمی کارگێڕی پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، بەپێی (یاسای نێودەوڵەتی)ەکان* هەربزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی(شۆڕش – ڕاپەڕین)، بەرامبەر ئەو هاوڵاتیانە کە دەکەونە سنووری فەرمانڕەواییانەوە بەرپرسیارێتیان هەیە، ئەمەش ئەو شتەبوو کەدوای بڕیاریدەستهەڵگرتن لەبەڕیوەبردنی فەرمانگە و کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراق لەساڵی 1991، هاتەڕوودان و بەرەی کوردستانی ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتیەکی نێودەوڵەتی بووەوە لەبەرێوەبردنی ئەو شوێنانەی کە دەکەوتنە ژێردەسەڵاتیەوە و، لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراقی تا ساڵی 2004، دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناوەندی بوو، یاسا و دەسەڵات یەکگرتوو بوو، لە هەرێمی کوردستانیش هەمان حاڵەت بەرێوەچوو و هاتە پیادەبوون، بەرەی کوردستانیش بڕیاریدا لەسەر ئەو سیستەمە(ناوەندییە)بڕوات[50].

هەر پەیوەست بەم بابەتە پێویستە ئەوەش بوترێت کە پەرلەمانی کوردستان وەکو دەسەڵاتی یاسادانان لەیەکەم دانیشتنی خۆیدا لە (1992/6/4)، ژمارەیەکی زۆر لەیاساو بڕیارو پێڕەو ورێنمایی دەرکرد لەوانەش بڕیاری ژمارە(11) لە (1992/8/31)کە فەرمانی بە پابەندکردنی هەموو وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە پەیوەندییان بە وەزارەتێکەوە نیە، دیراسەتی یاساو بڕیارو

*یاسای نێودەوڵەتی: بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێکاری یاسایی کە هەڵدەسێت بەڕێکخستنی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(د.ماهر ملندي و د.ماجد الحموي، 2018، القانون الدولي العام, منشورات جامعة الأفتراضية السورية/ الجمهورية العربية السورية، ص4، رابط ب: https://pedia.svuonline.org/

[50] )د.شێرزاد نەجار، 2021/4/1، چاوپێکوتن(ئیمەیل)، هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێرەو و ڕێنماییەکانی حکومەتی ناوەند بکەن و پەیرەوییان بکەن، بەوپێیەش سیستەمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان، سیستەمێکی ناوەندی بوو [51].

بەمشێوەیە لەهەرێمی کوردستانیش سیستەمی ناوەندییانە بە پەپێی مۆدێلی عێراقی درێژەپێدرا و، یاسا کۆنەکانی عێراق بەشێوازە ناوەندی هەرەمیەکان کاریان دەکرد، بەتایبەتی دوای دروستبوونی دوو ئیدارەیی دوو حیزبی دەسەڵاتدار(پارتی و یەکێتی)، لە دوو ناوچەی جوگرافی لێکدابڕاو ئەم هەرێمەدا سیستەمی مۆنۆپۆلی دەسەڵاتیان بە هەمان مۆدێلی مەرکەزیانەی عێراقی کۆن دامەزراند و کاریان کرد[52].

سەرچاوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاسای پارێزگاکانی ژمارە (159)ی ساڵی 1969**ی هەمواركراوی عێراق كردووە، کە لە زۆربەی پایەکانی ناناوەندی کارگێڕی (اللامركزية الأدارية) بێبەشن، بەوەی دان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان(پارێزگا و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان)نانێت، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەمەزرێن و، زۆربەی دەسەڵاتە خۆجێییەکانیشیان پێسپێراوە، بۆیە دۆخی چڕکردنەوەی کارگێڕی لەژێر سایەی سیستەمی نێوەندا زاڵە بەسەر ئەو یاسا ئاماژە بۆکراوەدا[53].

لەم چوارچێوەیەدا بەپێویستدەزانرێت ئەوە بوترێت کە سیستەمی کارگێڕی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشێوازی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیانە گەشەی کردووە، بەجۆرێك کە تیایدا کەمترین بایەخ دەدرێت بەمەسەلەی کوالیتی لە کاربەجێگەیاندن و بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان، لە جیاتی ئەوەی هاوڵاتیان بەخاوەنی دامەزراوەکان و بەشدارە هەرە گرنگەکەی سیستەم بزانرێت، کەچی پۆستهەڵگرە لوتکەییەکان بەخاوەنی سیستەم دادەنرێن و فەرمانبەران وەك لەشکری کارپێکردن دەبینرێن و هاوڵاتیانیش وەك نیمچە سودمەندێکی مشەخۆر سەیردەکرێن، دەگمەنن ئەو دام و

[51] )لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان، 2009، یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، چ1، لا5

[52] ) د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، 11ی مارس 2021، سەرۆکی ئینستیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەی میری،چاوپێکەوتن(ئیمەیل)، هەولێر

[53] ) كاظم حسن الربيعي، ، 2011، المحافظات غير المنتظمة في اقليم بين المركزية واللامركزية، مجلة كلية مدينة العلم الجامعة/ العراق، مجلد2، العدد2، 2011, ص4 رابط ب: https://www.iasj.net/ )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەزگایانەی کە گرنگی بە بەڕاوبۆچوون و فیدباکی هاوڵاتیان دەدەن و بەسەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانی فەرمانبەرەکانیان دەبینن[54].

خاڵێکی گرنگی تری پەیوەست بەم بوارەوە بریتیە لەوەی کە سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختی دروستبوونیدا ئاماژەی بەڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵیدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، لە (4/ت1/ ساڵی 1992)و بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە(22)ی ساڵی 1992، کە ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی سیستەمێکی ناناوەندی، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر سیستەمی ناوەندێتی کارگێڕی کە لە سیستەمی کارگێڕی حکومەتی عێراقی پێشووەوە وەریگرتبوو، ئەمە تا پاش پرۆسەی ئازادی عێراق و یاسای خۆبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ونوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێڕاق لە ساڵی 2005 کە دەستوور گۆڕا بۆ دەستوورێکی دیموکراسی و سیستەمەکەش بووبە سیستەمێکی فیدراڵی[55].

سەبارەت بەپرسی ناناوەدێتی لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕیدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەستوری عێراقدا بە ڕوونی ئاماژەی بۆکراوە و، جەختکراوەتەوە لەوەی کەعێراق پیکهاتووە لەدەوڵەتێکی فیدراڵی وسیستەمی کارگێڕی تیایدا سیستەمی ناناوەندییە، لەماددەی(116)دا هاتوە کە"ڕژێمی فیدراڵی لەعێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزیەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان"[56].

بەڵام سەبارەت بە سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی، بەتایبەتی لەبەشی دووەمی ئەو دەستوورە ئاماژەبۆکراوەدا بەناونیشانی (ئەو پارێزگایانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون)، پاڵپشت بە ماددەی 122و بڕگەی یەکەم" پارێزگا لە ژمارەیەك قەزاو ناحیەو گوند پێکهاتووە"، دووەم "ئەو پارێزگایانەی سەربەهیچ هەرێمێك نین، دەسەڵاتێکی بەڕیوەبردن و دارایی فراوانیان پێدەدرێت، بەجۆرێك کە بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن بەگوێرەی بنەمای(ناناوەندێتی کارگێڕی)و، ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت "سێیەم" ئەوپارێزگایەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵدەبژێرێت، سەرۆکی ڕاپەڕاندنی

[54] ) دلاوەر عەبدولعەزیز عەئەددین، 2018، دەوڵەتسازی نەخشە ڕێگایەك بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ1، هەولێر، لا118
[55] ) د.مصطفی رسول حسین، 2021/3/9 ، زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا، چاوپێکەوتن، سلێمانی
[56]) دەستوری کۆماری عێراق،لا67

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵایە لە پارێزگادا بۆ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێیبەخشراوە، وە لە برگەی پێنجەمدا"ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێررکێف و چاودێری هیچ وەزارەت یان لایەنێکەوە کە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتێکەوەو داراییەکی سەربەخۆی خۆی هەیە"[57].

لە پەیوەند بە پرسی دابەشکردنی تایبەتمەندییەکانی کاری سیاسی و ئیداری و لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز، هەرێمی فیدراڵی پارێزگاکان کە لە چوارچێوەی هەرێمدا کە خاوەنی ئیدارەی خۆجێین، لەسەربنەمای دەستوری پێشکەوتوو ورێك و پێك، هەروەها پارێزگاری لە یەکگرتوویی یەکێتی وڵات و هەرێمەکان و پێکەوەبوونیان وهێزیان لە روبەڕوبوونەوە لەهەر مەترسیەك کەروبەڕووی ئەم کیانە دەبێتەوە، هەرێمەکانیش دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە، و ئەو میکانیزمانەش کە دەتوانن دەسەڵاتەکانی تیا بەرجەستە بکەن، بەم پێیەش سیستەمی ناناوەندێتی لە عێراقی پێشکەوتوو کاری پێدەکرێت، لەبری سیستەمی پێشووی سەردەمی بەعس کە سیستەمی ناوەندی بوو[58].

لێرەدا پێویستە بوترێت، کە لە پاش ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لە سیستەمی سیاسی عێراقدا دروستبوو، ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر سیستەمی کارگێڕیش هەبوو، هەروەها لەهەرێمی کوردستانیش دابەشکارییە کارگێڕییەکان لەسەر بنچینەی ناناوەندێتی کارگێڕی داڕێژرایەوە وئەمەش بەپێی یاسای(پارێزگاکان) ژمارە(3)ی(2009)کە لەپەرلەمانی کوردستان و لەماددەی دووەمدا هاتووە کە" ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیەتی ئەنجومەنەکان وسەرۆکەکانیان وئەندامەکانی دەستنیشان دەکات بۆ پتەوکردنی پرنسیپی ناناوەندێتی(noncenteralizm) لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاوڵاتیان وپاراستنی مافەکان وبەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاو پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لەهەرێمی کوردستاندا"[59].

هەروەها یاساکە لە پێناو ئاسانکاریکردن و باشترکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە هاوڵاتیان، سنوری دەسەلات و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی یەکە کارگێڕییەکانی دیاریکردووە لەگەڵ دەسەڵات و لێپرساوێتی سەرۆك ئەندامەکانیش، ئەمەش لەپێناو چەسپاندنی بنەمای

---

57 ) دەستوری کۆماری عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا70
58 ) د.محمد هموندي وأخرون، 2021، دراسات في الحكومة في اقليم كوردستان, مكتبة العامة / اربيل، ط1، ص229-230
59 ) د. مصطفى رسول حسين، سەرچاوەی پێشوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناناوەندێتی کارگێڕی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا و دوورکەوتنەوە لە کۆکردنەوەی دەسەڵات لەیەك دەستدا[60].

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئاخاوتنی لێوەکرا، بەڵام پێویستە بوترێت کە لە ڕووی واقیعەوە سیستەمی کارگێڕی هەرێم هەر ئەوەی عێراقی کۆنەو تێکەڵ بە گۆڕانکارییە تازەکانی دوای دەرکردنی دەستووری نوێی عێراقی فیدراڵ، هاوکات بەپێی بزوێنەرە خۆماڵیەکانی پەرەی سەندووە، بەڵام ئەوە مانای وانیە کە بەپێی دیزاینێك هەوڵدراوە مۆرکی تایبەتی خۆی هەبێت وەیان لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگا و سیستەمی حوکمڕانی خۆماڵیدا گونجێندرابێت هەتا کاراتر بێت، بەواتایەکی تر ئەو پەرەسەندنە بەپێی ڕوانگەیەك یان ستراتیژێکی گشتگیر ودرێژخایەن ئاڕاستە نەکراوە و بەپێی پرنسیپی سەردەمیانەی بەڕێوەبردن گەشەی نەکردوە، بۆیەش پرۆسەی بڕیاردان ئاسان نەکراوەو، دەسەڵات شۆڕنەکراوەتەوە ودامەزراوەکانی حکومەت کارانەکراون، بێگومان سیستەمی ئێستای کارگێڕی هەرێم لەگەڵ فەلسەفەی دیموکراسیدا هەماهەنگ نیە[61].

بەڵام ئەوەی کەجێگای ئاماژەبۆکردنە ئەوەیەکە، سەرچاوەی گرفتەکانی سیستەمی کارگێڕی هەرێم، نەبوونی زەمینەسازیە، کە ئەم زەمینە سازییەش پێویستی بە بنچینەیەکی دەستووریە کە هەرێمی کوردستان ئەم بنچینە دەستوورییەی نیە، چونکە دەستوور زامنی ئەوە دەکات کە کارگێڕی گشتی(حکومەت) نەتوانێت بە ئاسانی تایبەتمەندییەکان و پێکهاتەی کارگێڕی ئەنجومەنە خۆجێییەکان هەموار بکات[62].

لەسەرئەوەی سەرەوە دەکرێت بوترێت کەئەو سیستەمە کارگێڕییەی کەلەماوەی دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکم لە هەرێمی کوردستان تاوەکو دەرکردنی یاساکانی بەڕێوەبردنی عێراق لە ساڵی2004 کاری پێکراوە، بریتیبووە لەو سیستەمە کارگێڕییەی کە لە عێراقی سەردەمی ڕژێمی بەعسدا پەیڕەویلیکراوە و کارپێکراوە، کەبریتی بووە لە سیستەمی ناوەندی کارگێڕی و، تیایدا دەسەڵاتی ناوەندی بڕیاردەری کۆتایی بووە لە کۆی پرسەگرنگەکاندا. بەڵام پاش ڕوخانی ڕژێمی

---

60 ) صالح توفيق حمەرشيد، 2017، التنظيم القانوني لمجالس المحافظات في اقليم كوردستان العراق، رسالة مقدمة لكلية القانون والسياسة/ جامعة السليمانية، ص37-38

61 ) دلاوەر عەبدولعەزیز عەئەددین، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو

62 ) د.مصطفى رسول حسين، سەرچاوەی پێشوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەعس وچەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لەعێراق و کارکردن لەسەر چەسپاندنی سیستەمی ناناوەندێتی کارگێڕی بەپێی دەستووری ساڵی2005، سیستەمی کارگێڕی هەرێم هەرچەندە بەپێی یاسای پارێزگاکانی ئاماژە بۆکراو سیستەمی ناناوەندی کارگێڕییە بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع سیستەمەکە هەر سیستەمێکی ناوەندییە، پرنسیپەکانی ناوەندی کارگێڕی پەیڕەو دەکرێت.

تەوەری سێیەم: بەشداری ئەکتیڤانەی سیستەمی کارگێڕی لەپێکهاتنی سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان

سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان بناغەی دروستبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی پێکدێنێت، بەو پێیەی کەنێوەندی بڕیاری ڕامیاری هەرێمی کوردستان، بەرلەوەی کە بڕیاری پێکهێنانی پەرلەمان وحکومەت وهیچ دەزگایەکی تری فەرمی بدەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە ڕزگارکراوانەی کە کەوتبووە بندەستیان، لەواقیعدا پشتیان بەو دەزگاو دامەزراوانە بەست کەلەو ناوچە ڕزگارکراوانەدا بوونیان هەبووەو ڕژێمی بەعس دەستی کێشابووەوە لە پرۆسەی بەڕێوەبردن وسەرپەرشتیکردنیان، ئەوەش لەواقیعدا بووە بەردی بناغەی فۆرمەڵەبوون وداڕشتەبوونی ئەو دەزگاو دامەزراوانە لەچوارچێوەیەکی نوێدا لەباری مۆرك و ناسنامە و خاوەندارتی ڕامیارییان کە دواتر بووە ئەو سیستەمە کارگێڕییەی کە بەکردەنی بووە دڵ و شادەماری سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەو قەوارەیەی کەبە هەرێمی کوردستان هاتە پێکهاتن و ناسینەوە، بەمشێوەیەو سەرباری هەبوونی ناتەواوی وکەموکوڕی گەورە و هەڕەشە ئامێز لەو واقیعەی کە هاتبووەئاراو پێکهاتنەوە لەسەرئاستی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو دەزگاو دامەزراوە کارگێڕییانە کە ڕژێمی بەعس دەستیلێیان بەردابوو، بەڵام سەرەنجام توانرا ئەو بۆشاییە درووستبووە پڕبکرێتەوە و، بەڵکو لێوەی بەردی بناغەی یەکەمین سیستەمی ناو پرۆسەی ڕامیاری هەرێمی کوردستان داڕشتە بکرێت .

سەرەتا پێش ئەوەی توێژینەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دروستبوونی پەرلەمان و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت کە ڕژێمی بەعس لەدەوڵەتی عێراقی ئەوکاتەدا بۆ پرۆسەی ڕامیاری کوردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی دروستکردبوو و خۆی لەو بۆشاییە کارگێڕییەدا دەبینیەوە کە بەهۆی بڕیاری کشانەوەی لە فەرمانگە ڕامیاری و سەربازی و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عێراق لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك درووستبووبوو، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاگرتنی مووچەی فەرمانبەران و ڕاگەیاندنی ئابلۆقەی ئابووری بۆ سەر ئەم سێ پارێزگایە و ناوچەگەلێکی سەربەپارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، بارگرانیەکی گەورەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردبوو[63]. ئەوەش لە واقیعدا ئەوەی پێویستدەکرد کەکاربکرێت دامەزراندنی شێوەیەك لە بەڕێوەبردنی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا ، ئەمەش ئەرکێکی هەروا ئاسان نەبوو، چونکە پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان پێشتر هیچ جۆرە ئەزموونێکی کارگێڕی یاساییان نەکردبوو تەنیا لە شۆڕشی چەکداریدا لە ناوچە شاخاوییەکاندا خۆیان بینیبوو و، لە پێش ڕاپەڕینیشدا هیچجۆرە بەرنامەیەك لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی کاتی دانەمەزرابوو بۆ ئەوەی لە دوایی ڕزگارکردن و ئازادکردنی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات[64].

بەم شێوەیەو لەئەنجامی ئەو بۆشاییە کارگێڕییە ئاماژەبۆکراوەی سەرەوە پرۆسەی بەڕێوەبردنی کارگێڕییانەی ئەو ناوچە ڕزگارکراوانە کەوتە سەرشانی پارت و هێزە ڕامیارییەکوردییەکانی بۆیەلە (19/مایسی/1992)پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان لەم هەرێمەدا بەڕێوەچوو، هەروەك پێشتر ئاخاوتنی لێکرا، ئەوا دامەزراندنی دامەزراوە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستان، لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن ودادوەری، کەوتنە سەرشانی پەرلەمانی کوردستان و، بەمشێوەیە ئەم پەرلەمانە بووبە دامەزراوەیەکی تایبەت بەداڕشتنی یاساکان، لە بابەت و مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بۆ خەڵکی کوردستان[65]. بەمشێوەیە ئەوباردۆخە نوێیەی کەهاتبووەئارا، هەرتەنها لەڕەهەندە کارگێڕییەکەدا بەرجەستە و یەکلانەبو بووەوە، بەڵکو ڕەهەندە یاسادانەری وفەرمانڕەوایی ودادوەرییەکەشی بەشوێنخۆیدا هێنابوو، پێویستیان بە دیتنەوەی چارەسەری بەپەلە ئەوەبوو بەرەی کوردستانی بۆ ئیدارەدانی دەزگاکانی حکومەت لە کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجامداو یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکهێناو، هەستا بە دروستکردنی هێزی چەکدارو پۆلیس ودابینکردنی

63 )یوسف محمد صادق، 2014، المتغيرات المؤثرة في الواقع السياسي لأقليم كوردستان العراق، أطروحة مقدمة لكلية القانون والسياسة/ كلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية، ص8

64 )ئاراس عبدوالرەحمان مستەفا، 2009، ڕاپەڕینی ئاداری 1991 لەباشووری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/ سلێمانی، چ1، لا441

65 ) د. شۆڕش حسن عمر، 2009, خصائص النظام الفيدرالي في العراق, منشورات مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية/سليمانية، ص92-93

خزمەتگوزاری کارگێڕی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و سەپاندنی باج ورسومات و گومرگ لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان کوردستان و عێراق و تورکیا و ئێران و،کردنەوەی باڵوێزخانە و نووسینگەکان لە وڵاتانی بیانی و وەرگرتنی یارمەتییە مرۆییەکان[66].

سەبارەت بەگرنگی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانیە بۆ تەواوی پرۆسەی ڕامیاری هەرێم و سیستەمی فەرمانڕەوایی نوێ بونیادنراو تیایدا(ئۆفرا بینگۆ)دەڵێت" ئەم هەڵبژاردنە بەشێك بوو لەو هەوڵەی کە کورد دای لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دروست ببوو و، ئەم بۆشاییە کارگێڕییە وەك نیازپاکی دەسەڵاتبەدەستانی کورد بەکاریان هێنا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ڕۆژئاوا، بەدەستهێنانی چەتری سەربازی ڕۆژئاوا بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵە"[67].

خاڵێکی گرنگی تر لەمپێوەندەدا کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، بریتیە لە ئامادەیی فاکتەری دەرەکی بۆ ئەم پرۆسە ڕامیارییە نوێیەی کوردان لەمبەشەی کوردستاندا، ئەوەش لەوێوەبوو کەهێزەکانی هاوپەیمانان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەیارمەتیدانی ورێنماییکردنی بەرەی کوردستانی لەئیدارەدان وجێبەجێکردنی کاروبارەکان، هەروەها لە دروستکردن وڕیکخستنی کاروبارەکانی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا بوون، بەتایبەتی پاش کۆڕەو و دیاریکردنی هێڵی (36) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە.[(68)]

سەبارەت بە پرۆسەی خۆبەڕێوەبەری وکارگێڕی خۆماڵی، پەرلەمانی کوردستان هەڵسا بە دەرکردنی یاسای ژمارە(1)لە(/8/نیسان/1992)کەیاساکە یەکەمین یاسایە لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا کە لەلایەن دیفاکتۆی کوردییەوە دەرکرابێت و، مومارەسەی دەسەڵات دەکات و، هەروەها مافی بڕیارسازیی لە نێو هەرێمە کوردییەکەی عێراقدا دەبێت، بەدەر لە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان 1992دا ڕەگەزێکی بایەخداری جەختکردنەوەی دەسەڵاتە لەکاری خۆبەڕێوەبردندا[69].

---

66 )محمد صابر کریم، سەرچاوەی پێشوو، لا182.

67 ) ئۆفرا بینگیۆ، 2013، کوردی عێراق(بنیادنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا)، و/ سۆران مصطفی کوردی، دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس/ هەولێر، چ1، لا315

68 ) محمد صابر کریم، سەرچاوەی پێشوو، لا184

69 ) گەراس ئاڕ.ڤی.ستانسفێڵد، 2010، کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی، و/د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما/سلێمانی، چ1، لا289-290

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەمپێوەندەدا بۆ زیاتر داڕشتەکردنی پایەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی 1993/12/20 هەڵسا بە دروستکردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەویش، لە یاسای ژمارە(19)ی ساڵی 1993، و لەماددەی یەکەمدا هاتووە، کە "بەدەرلە حوکمەکانی یاسای ژمارە(2)ی ساڵی 1992 دەستەیەك دادەمەزرێ وپێیدوترێت(دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)، و ئەم دەسەڵات و ئەرکانەی کە لەیاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێبەجێدەکات تاوەکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی تەواو دەبێت"[70].

لەبەرئەوەی کە ڕژێمی بەعس بەشێوەی ناوەندیانە دامەزراوە کارگێڕییەکانی دەبردبەڕێوە، هەربۆیە کە دوای بڕیاری کشانەوەی دەزگاکانی، ئیتر پشگیری و بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە لە هەرێم، ئەوە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان بوو کە چارەسەری بۆشایی و کەلێنەکانی سیستەمی کارگێڕی بکات، یەك لەو هەنگاوانەش بریتی بوو لە دامەزراندنی دیوانی چاودێری دارایی بە یاسای ژمارە(14)ی ساڵی (2000)، و لەماددەی دووەمدا هاتووە، "دەسەڵاتدارییەك بۆ ڕیقابەی دارایی لەهەرێمدا بەناوی (دیوانی ڕیقابەی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق) دادەمەزرێ" کە شەخسییەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی خۆی هەبێ و، بۆیشی هەبێ هەموو ڕەفتارێکی یاسایی بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی پیادە بکات،نوێنەری ئەم دەسەڵاتداریە سەرۆکەکەیەتی، یان ئەو کەسەیە کە سەرۆك ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدا[71].

هەرووەهاو وەك هەنگاوێك بۆ پڕکردنەوەی کەلێن وبۆشاییە دیارو گەورەکانی سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، لێرەدا پێویستە ئاماژەبە چەند نموونەیەکی دیاری ئەو بڕیارو فەرمانانەی کابینەکانی حکومەتی هەرێم بکرێت کە تایبەتن بە دامەزراندن وهێنانەئارای ئەو دەزگاو دامەزراوانەی پێویستە لە سیستەمە کارگێڕییەکەیدا هەبن، یەك لەو هەنگاو وپلانانەش کە دەکرێت وەك هێمای بایەخداری حکومەتی هەرێم بەپەرەپێدان و پێشخستنی دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕی ئەژماربکرێت، ئەوەش کە لە کارنامەی نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ولە خاڵی

---

[70] ) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق،1997، 1993/1/1 لغاية 1996/12/31، المجلد الثاني، ط1، ص238

[71] ) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، 2002، 2000/1/1 لغاية 2000/12/31، المجلد الخامس، ط1، ص151

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چواردەیەمدا هاتووە، کە"کاردەکات بۆبە ئەلیکترۆنی کردنی کاروبارەکانی حکومەت، چ لەئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لەئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنیەکان بۆ هاولاتیان، لە ئەرکە لەپێشینەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە رێگە لەڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاولاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالیتی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێنەوە"[72].

بەمشێوەیەو بەوەستان لەسەرئەوەی لەسەرەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە، دەتوانین بلێین کەهەرچەندە بەدرێژایی سی ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی کوردی، هەنگاوی کرداری نراوە بۆ بەدامەزراوەکردنی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەو پێناوەشدا چەندین ڕێکارو یاسا لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوون و، ئەو دەزگایانەش وەکو میکانیزمێك بۆ بابەتی لێپرسینەوە و چاودێری و پشکنین و هەڵسەنگانی دەزگاکان و کارمەندەکان بەگەڕ خراون، بەڵام لەڕاستیدا نەیانتوانیوەکە بنەمای شەفافیەت و بنەبڕکردن و نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ڕۆتینات و کەمکردنەوە و بەفیرۆدانی سامانی گشتی، وەدیبهێنن، کە ئەمەش بووەتە هۆی چەقبەستوویی دەزگاکان و گەشەنەکردنی سیستەمی کارگێڕی هەرێم وەکو بەشێکی سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستاندا.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی کەلە خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:-

## دەرەنجامەکان:

1 – بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی وناوخۆیی هۆکاری سەرەکی درووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان ودامەزراوەکانی سیستەمە فەرمانڕەواییەکەیەتی و، هەروەها دامەزراوە کارگێڕییەکانیش داینەمۆی سەرەکی بەڕیوەبردنی هەموو دامەزراوەکانی ئەو سیستەمە پێکدەهێنێت، لەسەرئەوە دەکرێت بوترێت کە سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان کۆڵەکەی سەرەکی و بنەمای سەرەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی و پرۆسەی ڕامیاری ئەم هەرێمە پێکدەهێنێت.

2- بەرەی کوردستانی لەسەرەتاوە لێبڕاوانە کاری کرد بۆ بەردەوامبوونی ئەو دەزگا کارگێڕییانەی ناوچە ڕزگارکراوانەی کە کەوتبوونە بندەستی و ڕژێمی بەعس دەستی لەپشتیوانی و سەرپەرشتیکردن و

[72]) سامان سالَح فەرەج، 2020، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی بینایی/ سلێمانی،چ1، لا44

پولپێدانیان هەڵگرتبوو، لەمپێناوەشدا دواتر هەنگاوی نا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دامەزراوەی یاسادانەری(پەرلەمان)، دوای ئەو هەنگاوەش پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی خۆماڵی لێکەوتەوە، ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە کارێکی حەتمی بوو و، پێویست بوو کە بەئەنجام بگەیەندرێت.

3- سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی دامەزراندنی ئەم سیستەمە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق کاریگەری گەورەی سیستەمی کارگێڕی ئەم دەوڵەتەی بەسەرەوە بووە کە بریتیبوو لەپەیڕەوکردنی سیستەمی ناوەندی و، تاوەکو کۆتایهێنان بەحوکمی (30) ساڵەی ئەورژێمە لەساڵی(2003)دا وگۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراقی لە سیستەمێکی دیکتاتۆری ناوەندییانەوە بۆ سیستەمێکی(دیموکراسی- فیدراڵی) وچەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی 2005، ئەوەش دانپێدانانێکی ڕاستیانەبوو بە ناناوەندێتی سیاسی کارگێڕییانە.

4ــ وەك پێداویستیەکی سەردەمیانە پەرلەمانی کوردستان لەساڵی(2009)و بەیاسا بڕیاری چەسپاندن و پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕییانەی داوە لەدامەزراوە کارگێڕیەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش خۆی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەیان بۆ ئاستی هەرە خواری لێپرسراوێتی لە دامودەزگاندا دەبینێتەوە، ئەوە سەرباری بوونی تێبینیەکی زۆر لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە.

5- سەرباری هەنگاوگەلێك کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناویانە بۆ بەهێزبوونی سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام هێشتا ئەم سیستەمە هەر لەدوایە و گیرۆدەی خەوش و کەموکوڕیگەلێکی لەبەرچاو و گەورەیە، بەجۆرێك کە جێگەی ئاوات وخۆزگەی خەڵکی کوردستان نیە، ئەویش بەهۆی شۆڕنەکردنەوەی دەسەڵاتەکان وهێشتنەوەی دەسەڵاتەکان لای وەزیرەکان و کاربەدەستە باڵاکانی هەرێم و، لاوازی بڕوابوونی دەسەلاتدارانی هەریمی کوردستان بەیەکێك لە گرنگترین پرنسیپەکانی دیموکراسی کە بریتیە لە دابەشکردنی دەسەلاتەکان و، کارکردن بۆ دەسەڵاتێکی ناناوەندی.

## ڕاسپاردەکان:

1 – زۆر پێویستە سیستەمی کارگێڕی کە بنەماو جەوهەری سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنیت، بەدامەزراوەی بکرێت و بەیاسا و دەستوور ڕێکبخرێت و، دەسەڵات تیایدا

شۆڕبکرێتەوە تا ئەندازەی خوارترین پلەی دەسەڵات ئەوەش لە پێناو بەشداری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان و، هەروەها کارئاسانیکردن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری هاوڵاتیان لە ناوچە دوورەدەستەکان لە پایتەخت، بۆ ئەمەش چەسپاندنی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕیش یارمەتدەرێکی باشی سەرخستنی ئەو پرۆسەیەیە.

2- هەنگاونان بۆ تۆکمەکردنی دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا ئەوەش لەڕێگەی دانانی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەتواناو کارزان و کاربەڕێکەر لە بواری کارگێڕیداو، خۆبەدوور گرتنی دەسەڵات لە بنەمای خزم خزمێنەو لایەنگیری و ئینتمای پارتایەتی و، وازهێنان لە پرۆسەی دامەزراندن بەڕێگا کۆنەکان، کارکردن بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران بەپێی پێویستی دامەزراوەکان، ئەمەش لەپرۆسەیەکی شەفاف و بەپێی پێشکەشکردنی سیڤی بێت، تاوەکو بنەمای(کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) بچەسپێت.

3- بۆئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم، کار لەسەر بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان بکەن، بەتایبەتی ئەوکەسانەی لە دامەزراوە کارگێڕییەکاندا کاردەکەن، ئەویش بەکردنەوەی خول و ڕاهێنان لە بوارە جیاجیاکاندا لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ، کەبگونجێت لەگەڵ پێوانەکانی سیستەمێکی کارگێڕی هاوچەرخدا.

4- بۆ باشترکردنی توانای دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا، باشتر وایە کە کار بکرێت بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی کاری دامەزراوەکان و بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیە پێشکەوتووەکان لەکاری کارگێڕی و ڕاییکردنی کاروباری هاوڵاتیان کەمکردنەوەی ڕۆتینات، کە ئەمیش کارئاسانیەکی باش دەکات لە خێراتر بەڕێکردنی کاری دامەزراوەکان و بەفیرۆنەدانی کات لە هاتووچۆوی نێوان دامەزراوەکاندا.

## سەرچاوەکان:

یەکەم: دەستورەکان
1- دەستوری کۆماری عێراق 2005
دووەم:کتێب بە زمانی کوردی:

1 – ئاراس عبدوالرەحمان مستەفا، 2009، ڕاپەڕینی ئاداری 1991 لەباشووری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/ سلێمانی، چ1
2- ئۆفرا بینگیۆ، 2013، کوردی عێراق بنیادنانی دەوڵەتێك لەناودەوڵەتدا، و/ سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/ هەولێر،چ1
3- د.ئەمین فەرەج شەریف، 2019، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستاندا، و/لقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چ1
4-دیلمان محەمەد سابیر، 2011 ،بنەماکانی ئیدارە( پلاندانان، ڕێکخستن، ئاڕاستەکردن، چاودێری)، چاپخانەی لەریا/ سلێمانی
5- دلاوەر عەبدولعەزیز عەئەددین، 2018، دەوڵەتسازی نەخشە ڕێگایەك بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ1، هەولێر
6- د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، 2013، نیشتیمانسازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، چ1
7- دڵشاد مستەفا سڵێمان، 2019، پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر،چ1
8- د.جاسم تۆفیق خۆشناو، 2002، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، بڵاوکراوەی سەنتەریلێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی
9- د.خلیل محمد الشماع، 2016، بنەماکانی کارگێری(بەتایبەتی کارگێڕی کار)، و/ محمد چیا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار/ سلێمانی، چ1
10-عومەر نورەدینی،2003، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر
11- د.عابد خالید رەسول، 2012، دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی
12-شەماڵ عەبدوڵڵا، 2002، سروشتی بڕیاری 688و چۆنێتی کاراکردنی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی
13- ڕوود هۆف و ئەوانی تر، 2013، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق 19ی مایسی 1992 ئەزموونێکی دیموکراسیانە، و/ صفوت رشید صدقی، چاپخانەی ئەزمەڕ/ سلێمانی، چ2

14- لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان، 2009، یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، چ1
15- د.کەمال مەنوفی، 2007، تیۆرەکانی سیستمە سیاسیەکان، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد، چ1
16- گەراس ئارڤی.ستانسفێڵد، 2010، کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی، و/د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما/سلێمانی، چ1
17- سامان ساڵح فەرەج، 2020، نۆهەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی بینایی/ سلێمانی،چ1
18- مامۆستا جەعفەر، 2009، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ وئاسۆی گەشەکردن،دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی/ سلێمانی، چ1
سێهەم:کتێب بە زمانی عەرەبی:
1-جان ماري دانتان، 1997، علم السياسة، ت:د. محمد عرب صاصيلا,المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر/بيروت
2- د.كامل بربر، 1997، ادارة الموارد البشرية وكفاءة الأداء التنظيمي, مجد/ المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع/بيروت، ط1
3- د.كامل بربر، 1996، الأدارة عملية ونظام، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط1
4- د.كمال المنوفي، 1987، أصول النظم السياسية المقارنة, كويت, شركة زينغان للنشر والتوزيع/ كويت
5- د. شۆرش حسن عمر، 2009، خصائص النظام الفيدرالي في العراق، منشورات مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية/ سليمانية
6- د.صباح مصطفى المصري، 2007، النظام الحزبي, المكتب الجامعي الحديث/ المصر, ط1
7- محمد صابر كريم، 2012، التعددية السياسية و أثرها على السلطة التشريعية في أٌقليم كوردستان/العراق، منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر/ السليمانية
8- د.محمد هموندي وأخرون، 2021، دراسات في الحكومة في اقليم كوردستان، مكتبة العامة / اربيل، ط1
9- مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، 1997، 1993/1/1 لغاية 1996/12/31، المجلد الثاني، ط1
10- مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق، 2002، 2000/1/1 لغاية 2000/12/31، المجلد الخامس، ط1
چوارەم: نامەو تێزە زانکۆییەکان

1- أيوب محمد طيب محمدصالح، 2019، تقويم أداء برلمان كوردستان- العراق(2005-2013)، أطروحة مقدمة كلية العلوم السياسية-جامعة السلمانية
2- شيلان واحد سعيد، 2018، دور المعارضة في الانظمة الديمقراطية المعاصرة(اقليم كوردستان العراق أنموذجا)، اطروحة مقدمة لكلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية
3- يوسف محمد صادق، 2014، المتغيرات المؤثرة في الواقع السياسي لأقليم كوردستان العراق، أطروحة مقدمة لكلية القانون والسياسة/ كلية العلوم السياسية/جامعة السليمانية
4- زێندین مولود خدر، 2015، كاریگەری فاكتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی كوردستان-عێراق، نامەی ماستەر پێشکەشکراوە بە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی صەلاحەددین، هەولێر
5- صالح توفيق حمەرشيد، 2017، التنظيم القانوني لمجالس المحافظات في اقليم كوردستان العراق, رسالة مقدمة لكلية القانون والسياسة/ جامعة السليمانية
پێنجەم: توێژینەوە و خوێندکارییەکان:
1 - د.خالد سعيد توفيق و م.ياسين محمود عبابكر، 2012، الانتخابات البرلمانية المحلية في اقليم كوردستان بين الواقع والطموح، ورقة بحثية في المؤتمر السنوي الثالث/ سكول العلوم السياسية جمجمال/ جامعة السليمانية
شەشەم: چاوپێکەوتنەکان
1 - د.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، 11/3 /2021 ، سەرۆکی ئینستیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەی میری، لەڕێگەی(ئیمەیل) ، هەولێر
2- د.شێرزاد نەجار، 2021/4/1، چاوپێکوتن(ئیمەیل) ، هەولێر
3- د.مصطفى رسول حسين، 2021/3/9، زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا، چاوپێکەوتن، سلێمانی
حەوتەم: پێگەی ئەلیکترۆنی:
1-ڤیان أبوبكر یاسین، 2020/7/30، ڕۆڵی شەفافیەت و دەستپاکی لە ڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا، ماڵپەڕی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە (https://despaky.krd/en/
2- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، یاسانی 2011، لەسەر ئەم لینکە بەردەستە، https://www.parliament.krd/business
3- صالحة المطيع, 2008/4/7، النظام الأداري، الوقع/ منهل للثقافة التربوية، رابط ب: https://www.manhal.net/

4- كاظم حسن الربيعي، ، 2011، المحافظات غير المنتظمة في اقليم بين المركزية واللامركزية، مجلة كلية مدينة العلم الجامعة/ العراق، مجلد2، العدد2، رابط ب:https://www.iasj.net/
5- محمد لويري، 2009، تحليل النظام السياسي عند ديفد ايستون، متاح على الرابط الاليكتروني www.ahauar.org
6- د.ماهر ملندي و د.ماجد الحموي، 2018، القانون الدولي العام، منشورات جامعة الأفتراضية السورية/ الجمهورية العربية السورية، رابط ب:https://pedia.svuonline.org/
7- نظرية النظم، 2018، متاح على الرابط الاليكتروني https://bit.ly/37vmumt

# The Significance of The Administration System to The Kurdistan Regional Power System

**Asst. prof. Dr. Muhammad Sabir Kareem**
Department of political science, College of political science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
muhamed.karem@univsul.edu.iq

**Hemn Arif Fatah**
Department of political science, College of political science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
hemnfattah059@gmail.com

**keywords:** *Regime, Kurdistan Region, Management System, Centralization, Decentralization*

## Abstract

The management system in the Kurdistan Region have had important and significance role in its political and power process, thus due to that act and functional of this system had been an enitialy act and functional for that new authority which emerged in it after the extinct Al-Baath system desinegd to withdraw its forces and supports to administration process in that liberated territory of Kurdistan Region. So fill the space administrative in that liberated part, after the Uprising of (spring/1991) and its followes events would become the seed and ferment to established power system and its main institution in this Region. Consequently, it can be said that this administration system is equivalent to the mean articulation and center point to the exsisted power system in Kurdistan Region, and it to be mentioned that the

circumstance nature in which borned and compossed in it this administration system is in a frame which lead to roled and participated as a mean mechanism for the power system wich borned from it.

## أهمية النظام الأداري لأقليم كوردستان، لنظام الحكم فيها

**الملخص:**

إن للنظام الإداري في إقليم كوردستان دور مهم وإستثنائي في العملية السياسية وعملية الحكم فيها،وهذا ترجع إلى أن عمل ووظائف هذا النظام قد شكل لبنة عمل والوظيفة الأولية لتلك السلطة الجديدة التي ظهرت بعد قرار نظام البعث البائد بسحب قواته وإسناده للعملية الإدارية في ذلك الجزء المحرر من أقليم كوردستان، والتي أصبحت فيما بعد تعرف بحكومة إقليم كوردستان.وبهذا فإن ملء الفراغ الإداري تلك في هذا القسم المحرر وبعد إنتفاضة(ربيع/1991)وما تلاها من أحداث وتطورات اخرى،قد أصبح النواة وخمرة تأسيس نظام الحكم ومؤسساتها الرئيسة في هذا الإقليم.عليه يمكن القول بأن هذا النظام الإداري هو بمثابة المفصل الرئيس ونقطة إرتكاز للنظام الحكم السائد في إقليم كوردستان،ويجب القول إلى أن لطبيعة تلك الظروف التي ولدت وتكونت فيها هذا النظام الإداري كانت على شكل بحيث أدت إلى أن تلعب وتساهم كآلية رئيسة لنظام الحكم المتولد منها.